ناصری سوبحانی

# قەدەر و قەزا

ئامادەکردنی

سالم سەعید بێستانی

چاپی یەکەم

2007

## سەرەتا یەك

دووكاسیەتی قەدەر و قەزای‌ماموٚستا ناصری سبحانی لە ساڵی ١٩٩٦ وە ئامادەی چاپ بوە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی بابەتی نەتوانراوە، بەچاپ بگەیەنرێت ، بەڵام خۆشبەختانە توانرا بگەیەنرێتە بەر دیدی خوێنەرانی تامەزرۆی بەرهەمەكانی . ئەوەی گرنگە وەك تێبینی بیخەمە ڕوو ئەوە یە ماموٚستا ناصر شێوازێكی نوێ ی هە یە لە ئاخاوتن و نوسین و دەربڕینی ڕاكانی.

بۆیە پێویستە شارەزایەكی پێش خۆتت هەبێت تا تەندروستانە تر لە ڕاكانی بگەین ،چونكە باگكراوندێكی معریفی نوێ جیاواز لە زانایانی دی بۆ خۆی دیاری كردوە، گرنگە تۆی خوێنەریش دەركی ئەو باگكراوندە بكەیت.

بەهیوام توانیبێتم بەئامانەتەوە پەیامەكەم گەیاند بێت

سالم سعید بێستانی

٢٠٠٦/١١/٤

# قەزا و قەدەر

ئەو چەند پرسیارەی کە پێشنیار کراوە ، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ مەلەسەلەی قەزا و قەدەر و جەبر و ئیختیار ، لەبەر ئەوە باسەکە بەشێوەیەکی گشتی پێشنیار دەکەین، ئەم دوو وشەیە (قەزا و قەدەر ) باش وایە لە پێشدا ماناکەیان ڕۆشن بکەینەوە، لە زمانەوانی دا و پاشان بچینە سەر مەبەست لەم دوو وشەیە وەك دوو چەمك و زاراوەی ئیسلامی ، (قەدەر ) وەك زاراوە بە واتای ئەندازەیە (قەدر ،قەدەر ) ، قەزایش : بەمانای بڕینەوەی کارە ،واتە مرۆۋ خەریکی کارێك دەبێت ،قسەیەك دەکات ،کاتێك بڕیەوە و کارەکەی تەواو کرد و بە ئەنجامی گەیاند ، دەڵێن : قەزای کرد . لە بەکارهێنانی ئەم دوو چەمکە ئیسلامیە، دوو جۆر مامەڵەش لەئارادا هەیە ، هەندێك دەڵێن(قەزا و قەدەر) هەندێکی دی دەڵێن ( قەدەر و قەزا ) ئەوانەی دەڵێن قەزا و قەدەر ،تێبینی ئەوە دەکەن ، هەر کارێك خوا ئەنجامی ئەدات ، پێشتر بڕیاری لە سەر داوە، کەمانای قەزایە،بڕاندێوتیەوە کارەکە چۆن بکرێت لە چەندێتی و چۆنیەتیدا ، لە گشت ئەو بوارانەی کە پەیوەندی پێیانەوەیە ،دواتر بە ئەندازەی ئەو بڕینەوەیە و هەماهەنگ لەگەڵ ئەو بڕینەوەیەدا کارەکە ئەنجام دەدرێت ،کە مانی قەدەرە . ئەوانەش بە پێچەوانەوە بە کاری دێنن،دەڵێن لە پێشدا ئەندازەی هەر کاێك کە بڕیارە ئەنجامی بدات، دیاری کراووە،کە مانای قەدەرە ،پاشان بەپێ ی

ئەو ئەندازەیەی کە بڕیاری داوە ، کارەکە ئەنجام دەدات و دەیبڕێنێتەوە،کەمانای قەزایە،ئێمە لەم باسەماندا بەپێ ی شێوازی دووەم کاردەکەین (قەدەر و قەزا ) . بۆ ڕۆشن بونەوەی مەبەستەکەمان لە سەرەتاوە نموونەیەك دێنینەوە:داوادەکەین پەیمان کارێك (معمار) لەم شارەدا

نەخۆشـخانەیەك دروسـت بكـات ، پـەیمانی لەگەڵـدا دەبەسـتین و كارەكـەی تەسلیم دەكـەین ، یەكـەم كارێـك ئـەم پـەیمان كـارە ئـەنجامی دەدات، ئەوەیـە ئەندازیارێك هەڵبژێرێت . بۆئەنجام دانی ئەم كارە ئەندازیارێك بە هەماهـەنگی هۆشـیارییەك كـە لـە ئـەنجامی خوێنـدن پەیـدای كـرووە ،نەخـشەی ئـەو نەخۆشخانەیە یەكەم جار لەزیهنیدا و پاشان لەبەر ئەوەی لەبیری نەچێتەوە دەیخاتـە سـەر كاغەزێك، ئەوەنـدە زەوی ئـەبێت دیـاری بكرێـت ،ئەوەنـدە نهـۆم بێت هـەر نهـۆمێ چەند ژوور و پارەوێكـی هـەبێت هـەر ژوورێ ئەوەنـدە بـەرزی و ئەوەنـدە درێـژی بێـت ،دەرگاكـانی وابێـت ،پەنجـەرەكانی چـۆن بێـت وە بـاقی تایبەتمەنـدی یـەك كـە پێویـستە لـە نەخۆشـخانەیەكدا هـەبێت ڕەچـاو بكرێـت ،یەكەیەكە هەموو ئەمانە دیاری دەكات لـە چەندێتی و لـە چۆنیەتیدا ، پاشـان تەسـلیمی معیـار و وەسـتاو كرێكـار دەكرێـت ،پێویـستە كـە هـەر لـە خـاڵی سـەرەتاوە دەسـت دەكـەن بـەو كـارە هەماهـەنگی ئـەو نەخـشەیە بێـت ، كـە ئەندازیارەكـە دای ڕێـژاوە . ئـەو نەخـشە ڕژاندنـەی ئەنـدازیارە كـە پێـی دەڵـێن﴿ قـەدەر﴾ ،چـونكە ئەنـدازەی هـەمو شـتێكی تێـدا دیـاری كـراوە ، كاركردنی وەستاو كرێكار بەپێی ئەو نەخشەیە پێی دەڵێن :﴿قەزا﴾ ، بەمانا ئەو پرۆژەیـەی كە لەسەر كاغـەزێك دایڕێـژراوە ، ئـەمان ئەیبڕێنـەوە و تـەواوی دەكـەن . ئەڵبەتـە پلـە بـە پلـە ،پێویـست بچوكترین كارێـك ئـەنجام بـدرێت ،بۆ نموونە: یەك دانە خشت دادەنرێت لەسەر دیوارێك . گۆشەیەكە لەو نەخشەیە كـە پێیاندەسـپێرێت ،ئەگـەر وردە كـاری بكرێـت و توانـایی زانستی پێویـست هـەبێت ،پێویـستە نـەزیاتر و نەكـەمتر لـەو نەخشەیە كـار نـەكرێت ، بەهـەمان شێوە ، خوای گەورە كاتێك كە بڕیاریدا ئەم جیهانە دروست بكات ، پێشنیارو نەخـــشەی ئـــەم جیهانـــە بەتـــەواوی بەشـــەكانیەوە لـــە زانـــستی خۆیـــدا

دایرێژاندوە،( ئەڵبەتە ئەم ئامارژانە بۆ تێگەیشتنە ئەگینا ورد نیە و شیاو نیە ،پێشتر لە عیلمیا نەبووبێت و دواتر نەخشەکەی دارێژابێت،چونکە زانینی خودا هەمیشەییە،زەمانی بۆنیە،بڵێین زەمانێک شتێکی زانیوە و زەمانێک لەو پێشتر نەیزانیوە ، ڕونتر بۆخودا زەمەن لەئارادا نیە ،

ڕابردوو ئێستاو ئاینده بۆ دروست کراوەکانە ،کە وان لە حاڵەتی گۆڕاندا ، لەم کاتەدا لە حاڵێکدایە و لەمەو پێشتر تێیدا نەبووە ، لەمەو دواتریش تێیدا نابێت ،ئەو گۆڕانکاریە دێت بەسەریدا ، پێی دەڵێن زەمان ،بۆ خوا زەمان مەترح نیە) پاشان دەستی کرد بە پیادەکردنی ئەو پلان و نەخشەیە ، یەکەم جار بۆ دروست کردنی مادده سەرەتاییەکان ،بۆ دروست بوونی ئەم جیهانە وەك ئامارژەی پێکراوە ،ماددەکە دووکەڵ (دخان) بووە، لە جێگەیەکی دی دا ئامارژە دەکات (ئاو) بووە ،زەمانێك فەرمانڕاوایی خوا بەسەر قەڵەم ڕەوی ئاوەدا بووە ، ئیتر کامیان لە پێش ئەوەی تریان بووە و دواتر بوو بە ئەوی تریان ئەوەی خۆی دەزانێ ، یەکەم جار ماددەی سەرەتایی دروست دەکات کە پیادەکردنی گۆشەیەکە لەو نەخشەیە کە لە عیلم دا بڕیاری لەسەر دراوە ،پاشان دەست دەکات بەکار ، بە شەش قۆناغ لە زەمانەکە بە (ستە ایام) ئامارژەی پێدەکات ، دەست دەکات بە دروست کردنی حەوت ئاسمان و زەوی و ئەوانەی کەتێیدایە ،ئەو پلانە چۆنە لە عیلمی خۆیدا کە هەر هەبوویەك (موجود) بەڵکو هەر شتێك لە جیهان، وە بەشی ئەو ئەندامە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی یەوە دەبێت چۆن بێ.هەر دروست کراوێك چ جۆرە تایبەتمەندی و ئامادەی یەك ،وە بە چ ئەندازەیەك تێیدا بێت ،پاشان ئاڕاستەی جوڵەی هەر دروستکراوێك ، وە خاڵێك کە دروسکراوەکان بەرەو ڕووی جوڵە دەکەن

کامەیە، هەموو ئەمانەی بڕیار داوە ،پاشان تەواوی ئەو کارانە کە دەیکات پیادە کردنی پلە پلەی ئەو پلان و نەخشەیەیە .

نموونەیەکی دی پێویستە بۆ ڕۆشنبوونەوەی زیاتری مەبەستەکە : کەسێك دەیەوێت پانتۆڵ بدورێت ،پارچەیەك قوماش دەباتە لای بەرگ دروویەك ،ئەم پارچە قوماشە لە ماددەی سەرەتاییەکانە کە بڕیارە قانتۆڵی لێ دروست بکرێت ، بەرگ دروو یەکەم کارێك کە دەیکات ئەندازەی بەشەکانی پانتۆڵەکە دیاری دەکات ،یەکەم جار لە زیهینی دا پاشان بۆ ئەوەی لە بیری نەچێتەوە ، ئەو جێگانەی بڕیارە بیبڕێ دیاری دەکات ، قۆناغی پاش ئەوە ، ئەو جێگایانە بە مەقەست دەی بڕێت ،پارچە پارچەیان دەکات ، قۆناغی سێیەم ئەو پارچانە کە جیای کردونەتەوە پێکەوە دیان دوورێت و پانتۆڵی لێ دروست ئەبێت . هاوکات پێویستە کاری دیش بێتە ئەنجام دان ،لە لایەکەوە پێویستە ئەو پارچە قوماشەیە کە دیاری دەکرێت و هەڵی دەبژێرێ بۆ ئەو پانتۆڵە ،لەگەڵ ئەوەی دەبێ ئامادەیی ئەو کارەی تێدا بێت وەك پانتۆڵ لە لایلۆن و کاغەز و ... دروست نابێت ، دەبێت تایبەتمەندی یەکی خودی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کارەی کە بڕیارە پانتۆڵ ئەنجامی بدات ، بێتە ئەنجام دان ، لە لایەکی دیکەوە کاری ئەو پانتۆڵە سەربەخۆنییە و کارەکەی یەك لایەنە ئەنجام نادرێت ،لانی کەم نیوەی جەستەی مرۆڤ دادەپۆشێت . پێویستە ئەم پانتۆڵە لە دووریندا تێبنی ئەوە بکرێت لەگەڵ لایەنی دی کار ئەنجام دەدرێت . دواجار هەماهەنگ بێت لەگەڵ لایەنی دووەمدا .سادەتر دەبێت ئەو جەستەی کە پانتۆڵەکە دایدەپۆشێت هیچ کامێکیان ڕێگری کاری ئەوی دی نەبێت ، بۆ نموونە : قوماشەکە تەنگ نەبێت تەسك نەبێت ڕانەکانی ئازار بدات و توانای دانیشتی نەبێت یان نێوان ڕانەکانی هێندە تەسك نەبێت کە نەتوانێت بە باشی هەنگاو

هەڵنێت ....... بە هەمان شێوەش خوای گەورە لە کاتی درووست کرنی هەر دروستکراوێك لە دروستکراوەکان ، لەو مادده سەرەتاییەدا کە دووکەڵ یان ئاوە ، ئەوە لە زانستی خۆیدا بڕیار داوە کە چ ئەندازەیە مادده جیاکاتەوە بۆ ئەو دروستکراوە . ئەندازەی گرتووە دواجار بەپێی ئەو ئەندازەیە کەگرتوویەتی .ئەو ئەندازە ماددەیە جاکرتۆتەوە لە مادده گشتی یەکە : ئەڵبەت جیاکردنەوەی خوای پەروەردگار وەك جیاکردنەوەی بەرگ درووەکە نییە بەڵکو ڕێساویاسایەکی باڵادەست کردووە بەسەر ئەم مادەدا ، کە پلەبەپلە لەتێپەڕینی زەماندا ئەو ئەندازەیە جیا دەبێتەوە . بۆ نموونە بۆ ڕێکخستی گورەی زەوری یان هەر (گورەیەك ) لە( گورات ) تر لە ئاسمان و ...... بەپێی ئەو ئەندازەییەی کە گرتوییەتی ماددەکان لێك جیادەکاتەوە .پاشان وەك بەشەکانی پانتۆڵەکە جیاکرایەوە . کاری دواتر ئەوەیە بدرێتە دەمیەکترو شێوەو شێوازی پانتۆڵ بێتە ئەنجام دان. هەر شێوەو شێوازێك بۆ ئەو دروستکراوە کە دەیەوێت دروستی بکات ماددەکەی بەو شێوە تایبەتە دەرهێناوە، پاشان لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە ئەو ماددەی ڕۆشن کردۆتەوە بۆ هەر دروست کراوێك . چونکەبۆ ئەنجام دانی کارێك دروستکراوە . بەهەماهەنگ لە لەگەڵ ئەو کارە کە بڕیارە ئەنجامی بدات ئامادەیی (إستعداد) و تایبەت مەندیەکی دیاری کرا و تایبەتی پێداوە ، هەر جۆرێك لە درەخت لە خودی خۆیدا تایبەتمەندیەکی هەیە کە لە بەردانی یە . بەرد تایبەتمەندیەکی هەیە لە خاك دا نییە .....تەنانەت لە ناو درەختەکاندا جۆرێك لە جۆێکی دی ناکات ، تایبەتمەندی چنار لە توودا نییە ، تایبەتمەندی هەنار لە هەڵوژەدا نییە ، چونکە هەر جۆرێکیان کارێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت کاری سەرشانیان ئەنجام بدەن .پێویستە

تایبەتمەندی و ئیستعدادەکان هەماهەنگ لەگەڵ کارەکانیان بە ئەندازەی دیاری کراو شیاو بێت . لە گەڵ ئەوەی هەر هەبویەك چەندێتی یەکی دیاری کراوی بۆ داناوە و چۆنیەتیەکی تایبەتی پێداوە..لە هەمان کاتدا ئامادەییەکی بە ئەندازەیەکی دیاری کراوی پێ داوە ،دواجار دروسکراون . بڕیارە ئیدی بکەونە جوڵە ،جوڵەی ئەم دروسکراوە فرە جۆرە ، بەو جۆرە هەماهەنگ بێت ،بە جۆرێك کاری هەموو لایەنەکانی ڕێك بێتەوە ،پێویستە ئەنجامی کاری ((گیا)) و درەختەکانی ،لەگەڵ ئاژەڵ و مرۆڤ دژ نەبێت ،بەڵکو کۆك و تەواو کاری یەکتر بن ،بۆ نموونە : ئاژەڵ جۆرێك لە گاز سوود وەردەگرێت ئەو گازە ئاگرینە کە بە (o2) ناسراوە ،بەڵام گیا و درەخت لەوەی دی سوود وەردەگرێت کە مرۆڤ و ئاژەڵان لەناو دەبات (c) کاربۆن ، هەردووکیان لەکاتی هەناسەداندا لە گازێك سوود وەردەگرێت کە بۆ خۆی سوود دەبەخشێت و بۆ بەرامبەرەکەی زیانە،ئەم هەماهەنگیە بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان تەواوی هەبودا هەیە ،هەروەك ئەم تەسجیلە کە ئەم کاسێتە تۆمار دەکات لە چەند بەشێکی جیاواز دروست بووە و هەر بەشێکیان بە پێ ی ئامادەی و تایبەتمەندییەك کە هەیەتی کار و وەزیفەیەکی تایبەت ئەنجام دەدات ، بەڵام چونگە کار و وەزیفەکەیان هەماهەنگە، لەکۆی کارە بەشیەکانی هەر بەشێکدا کارێکی گشتی و تەواو و سەراپاگیر دێتە ئەنجام دان ، دواجار کارێك ئەنجام دەدرێت کە بریتی یە لەوەی ئەم تەسجیلە دەنگ تۆمار دەکات و لەدواییدا دەیداتەوە ، هەماهەنگیە کە بە جۆرێکە ئەگەر یەکێك لەو بەشانە تایبەتمەندیەکی خۆی لەدەست بدات ، یان تایبەتمەندیەك کە بڕیارە هەیبێت ،بەشێوەیەکی دی بێت وە ئەنجامی کاری ئەم بەشە دژ بێت لەگەڵ ئەنجامی کاری باقی بەشەکانی دی ،ئەوا کۆی دەزگا و تەسجیلەکە کاری خۆی ئەنجام

نادات ، یان وەك پێویستە کارەکە تەندروست ئەنجام نادرێت .ئەم دنیاش هەر وایە .لەگەڵ ئەوەدا کە هەبووەیەکەی گەورە و فرەڕەهەند و فرە لایەنە، بەڵام دەزگایەکە یەك کار ئەنجام دەدات ،چونکە کاری بەشەکانی دی هەبوو (گەردوون) هەماهەنگە لەگەڵ یەکدا ،هەموو بەشەکانی گەردوون کارو وەزیفەیەکی تایبەت بە خۆی ئەنجام دەدات ، کۆی بەشەکانیش یەك کار و وەزیفەیەکی گشتی ئەنجام دەدەن کە خودی خوای پەروەردگار خۆی دەزانێ ئەو کارە گشتی یە چی یە.

وەك لە قورئاندا هەندێ نموونەی ڕۆشن هەیە بۆ سەلماندی ئەم قسەیە ،نوح پێغەمبەر(علیە السلام) دەفەرموێت بە هۆزەکەی :دەست هەڵگرن لە هاوەڵ پەیدا کردن بۆ خوای گەورە داوای لێخۆشبوون و پاڵپشتی تەنها لە خوای گەورە بکەن ، وەرنەوە سەر ڕێگای یەکتاپەرستی و جگە لە خوا بەندایەتی بۆ کەسی دی مەکەن باوەڕیش بە من بکەن یاسا و ئەحکامی خوا یتان بۆ دێنم ،گەر ئەم کارە تان کرد ئەوا خوای گەورە بارانی بە خوڕتان بۆ دابارێنێت ،تا سەروەتان پێ بدات ، تا مناڵتان پێ بدات ،باغی پۆر و پڕ درەختتان پێ بدات ، چەمی پڕ ئاوتان بۆ ڕوان بکات ،ئەم جیهان بینی یە مانی چی یە ؟! واتەئیمان و کوفر ،جاهیلیەت و ئیسلام : شیرك و تەوحید پەیوەندی توندو ڕاستەوخۆیان هەیە بە ڕژاندنی بەرەکەت بەسەر مرۆڤدا و بڕینی بەرەکەت لە مرۆڤ ،ئەگەر کاری مرۆڤ بەو جۆرە بوو کە خوا داوای کردووە ، ئەوا خۆر و ئاو هەڵمی ئاو و با و باران و تەواوی ئەو شتانە کە لە چوار دەوری دان هاوکاری لەگەڵدا دەکەن و لە پەرژەوەندی مرۆڤ دەجوڵێت و کار ئەنجام دەدەن ، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە نەبوو کە داوا کراوە لە سەر یاسای خوای نەبوو ، یان لە سەرەڕێی یەکتا پەرستی نەبوون، لەبری ئەوەی باران ببارێت بەسەریاندا

،بەرد بەسەریاندا داباریت وەك هۆزەكەی لوگ پێغەمبەر (علیه السلام) لەبری ئەوەی باران بباریت و ببێتە مایەی ژیان و سوود بۆ مرۆڤ و درەخت و...ئاو دەباریت ، كە دەبێتە هۆی مەرگ ،وەك تۆفانی هۆزەكەی ﴿نوح﴾ پێغەمبەر(علیه السلام ) هەر هەبوویەك لە بووندا لەم جیهانەدا، پەیوەندی توندی بە جوڵەی ئەوانی دییەوە هەیە و هەماهەنگە لەگەڵ باقی دروست كراواندا ، ئەو ئامادەییەی كە هەر بوویەك هەیەتی دەبێتە سەرچاوەی جوڵەی ئەو دروستكراوە ڕووە و ئامانجێكی دیاری كراو و دواتر جوڵەكان هەماهەنگ دەبن لەگەڵ یەكدا ، بە جۆرێكی تر ئەوە تایبەتمەندییەكانن سازگارن لەگەڵ یەكدا بۆیە هەر جوڵەیەكیش لەو ئامادەییانەوە سەرچاوە دەگرێت سازگارە.

هەندێ ئاماژە لەم بوارانەدا لە قورئاندا هاتووە ،باش وایە ڕۆشن بكرێتەوە.

یەكەم قۆناغ ، ئەندازە گیریە وەك لە نموونەی بەرگ دروومكە ،كەئەندزەی كارەكەی گرت ،هەرواش خوای گەورە لە زانستی خۆیدا .یەكەم جار خەڵقی كرد . لەزمانەوانیدا (خەڵق) واتە ئەندازە گیری )

كاری دووەم ، جیا كرنەوەی بەشەكانە بەپێی ئەو ئەندازەیە و شتی نوێ ی لێیان دروست دەكرێت (بَرء) .

كاری سێیەم، شێوازی دیكەو جۆر بەجۆر دروست كردنە،وەك دەفەرموێت (الخَالِقُ البَارِئُ المُصَوِّرُ ) ،چونكە ئەم دروستكراوانە بە چۆنیەتی و چەندێتیەك دروست دەكرێت وێك دێتەوە ، یان بەرامبەرە لەگەڵ ئەوەدا كە لە زانستی خوای گەورەدا بڕیاری لەسەرداوە ، لە قورئاندا ووشەی ( التسویه) بەكارهاتووە .وەك ﴿الَّذِي خلق﴾ لێرەدا (خەلق) بەمانای یەكەم دێت ،واتە ئەندازەگیری و جیاكردنەوە (فسوی) ئەو دروستكراوە بەرامبەر بەو زانستەی كە خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە ،هەندێ كاتیش بۆ هەرسێ چەمكەكە

(خلق) بەکارهاتووە (ئەندازەگیری و برینەوە و شێوازی تازە دروستکردن) ،وەك :هاتووە ﴿ألا لَهُ الخَلقُ وَالأمرُ ﴾ .ئەو ئستعیدادەی بە شێوەیەکی دیاری کراو پێ ی بەخشراوە پێی دەوترێت (تقدیر) ، (تقدیر) سەرچاوەیە و لەسەر وەزنی (تفعیل)، واتە ئەندازەپێدان ئەم ئەندازە پێ دانەش هەندێ جار پەیوەستە بە ڕواڵەتی ماددەکەوە . ئەویش ئەندازە گیری بۆ دانراوە ،وەك وتمان پارچە قوماشەکە بە ئەندازەیەکی دیاری کراو جیا دەکرێتەوە لە غەیری خۆی ، هەندێ جاریش ئەندازەکە پەیوەندی بە ئیستعداد و تایبەتمەندی هەبووەکەوە هەیە ، ئەم ئەندازە گیرییە (تقدیر). بە واتای بەخشینی ئیستعداد و تایبەتمەندییەکی دیاری کراوەکە بەخشراو بێت بەو هەبووە ،چونکە وشەی (تقدیر) لە وشەی (قدر)ە، بە مانا توانایەك بە ئەندازەیەکی دیاری کراو ، ڕێکخستن و هەماهەنگ کردنی جوڵەی گەردوون لەگەڵ یەکدا دەبێت بەهیدایەت .

(والڒی قدَّر)، (فَهدی) هیدایەت دانەکەیە،هەندێ جاریش وشەی (خلق) ،(تقدیر)ە، کەش دەگرێتەوە ، لێرەوە تەنها دووەمیان دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بە هیدایەت ئامـاژەی پێ بکرێت ، لەسورەتی (گە) دەفەرموێت ﴿موسا﴾ پێغەمبەر ( علیه السلام ) کە وەڵامی فیرعەون دەداتەوە:( رَبُّنا الڒی أعطَی کُلَّ شَیءٍ خلقهُ ثمَّ هَدَی) خاوەنی ئێمە ئەوزاتەیە بۆ هەر هەبوویەك ،ئەوەی گیانی ئەو هەبووەی پێ تەواو دەکرێت ،پێی داوە، پاشان هیدایەتی داوە ڕێنمایی کردووە بە چ ڕێگەیەکدا حەرەکەت بکات (تقدیر ،هیدایەت) هەردووکیان بە وشەی (امر) ئاماژەی پێ کراوە (ألا لَهُ الخَلقُ وَالأمرُ ). تا ئێرە ڕۆشن کردنەوەی هەندێ چەمك بوو کە بەکاریان دێنین،ئێستا لە دابەشکردنێکدا ئەم ئامادەکاریانە دابەشدەکەین بەسەر دروستکراواندا بەشێکیان خاوەنی ئیدارە

و ئیختیـارن، بەشـەکەی تریـان ئیرادەو ئیختیاریـان نـی یـە ، یـان کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدی دەدرێـت بـە دروسـتکراوێك ئیختیـار و ئیرادەی نـی یـە ،یـان هەیـەتی ، ڕۆشـنتر بەشـێك لـە هـەبوو لـە چـوار چـێوەی ئـەو ئیـستعداد و تایبەتمەندیـەی هەیـەتی بێ ئیرادە و ئیختیـارو مـەجبورە ،بەشـێکیان خـاوەن ئیرادە و موختار و موریدە،گەر چەمکی قورئـان بەکاربێنین ، بەشـێك لـە هـەبوو موسەخەرە ،بەشێك موتبەلا ،لێرەدا پێویستە ئەم دوو چەمکە

ڕۆشن بکەینەوە ،چونکەدواتر تەنها ئەم چەمکە قورئانیانە بەکار دێنین لە بری مەجبوری و بێ ئیرادەی و بێ ئیختیار، تەسخیر واتە بەزۆرئاڕاستە کردنێکی شتێك ڕوەو ئامانجێکی دیاری کراو بجوڵێت بەکار دێنین ،ئەم چەمکەش لەو سۆنگەیەوە دێـت ،ئـەو تایبەتمەنـدی کـە پێـی دراوە ،موڵـەتی نـەدراوە خـۆی بڕیـار و ڕای هـەبێت ، لـەم جوڵەیـەدا ئیرادەی نـی یـە ، ویـستن و نەویـستن لـە جوڵـە و ژیانی دا نـی یـە ،بۆیـە جوڵەیـەکی تایبـەت دەکات ڕوەو مەبەسـتێکی دیاری کراو هـەنگاو دەنێت ،خودی ئـەم کـارە واتـە (تەخسیر) وەهەبووەکەش (موسەخەر) . هەندێك هەبووی دی هـەن ئـەو تایبەتمەندی و ئامادەییانـەی کـە هەیـەتی شوێنی ڕاو هەڵوێست گرتن و بڕیـار دان هەیـە ،بەمانا لـەنێوان دوو گریمانـەدان ، پـاش بیرکردنـەوەی گریمانێـك هەڵدەبـژێرێت ،دواتـر ڕێنمـای دەکرێـت ،ئـەو ڕێـچگە هەیـە ئـەم ڕێـچکەیە هەیـە ،گـەر بەڕیـچکەی یەکەمیانـدا بـچێت سـەرەنجامێکی نـاخۆش و بەدبـەختی بـەدوادا دێـت ،گـەر بـە ڕێگـەی دووەمیشدا بچێت سـەرەنجامێکی خۆش و خۆش بـەختی بەشـوێنیدا دێـت ، لێرەوە ئیدی موختارە هەرکامیان هەڵبژێرێت ،بەشێوەی تاقیکردنەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت تـا بزانرێت کامیـان هەڵدەبژێرین، بـەم کـارە دەوترێت (ئیبتلا) واتە: تاقی کراوە یـان دوچاری دەردی سـەری و نارەحـەتی کردن بەهـۆی ئـەو

تەکلیفەوە کە بۆی دانراوە ،تا دەردەکەوێت ئایا تەحەمولی ئەو موبتلاو ئەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا بەو ڕێگایەدا بڕیارە بجولێت .دەجولێت یا نا ؟! ئەو کەسەی کە مومارەسەی کارەکە دەکات پێ ی دەوترێت (موبتلاو) واتە :تاقی کراوە ، لەم بەشەدا لە هەبوو کەلە چوار چێوەی تایبەتمەندییەکاندا خاوەن ئیرادەن ، پێویستە ڕۆشن بکرێتەوە ئەو یاساتەبخیری یە یان بە وتەی خەڵکی جەبریە ، بەسەر مرۆڤشدا دەست ڕۆیشتووە ، بەڵەونێکی دی یاسا فیزیکیەکان کە حاکمە بەسەر گیانداران و هەبوودا بەسەر مرۆڤشدا زاڵە ، ئەو ماددەیەی مرۆڤی لێ دروست دەبێت ،خاسیەتی گەشەسەندی هەیە ،بە مانا خواردن وەردەگیرێت لە چوار دەورو پاشان دەیگۆڕین بە دۆغێکی ترو گەشەدەسێنێت ،لەم لاشەوە ئەو یاسایەی دەست ڕۆیشتووە بەسەر ئەو هەبووانەی گەشە دەکەن ، وەك ئاژەڵان وگیاو درەختان ، دەست ڕیشتووشە بەسەر مرۆڤدا . دواجار مرۆڤ بەشێکە لە جیهانی گیانداران وەك گیاندارانی دی بە پێنج هەستەکە ،هەست دەکات ،حاڵەتی هەستیاری دەست دەخات و جوڵەو گواستنەوە و ئینتیقالی دەکات ، بە ئیختیاری خۆی ڕێگەکان هەڵدەبژێرێت ،بەرەچاوی ئەوەی ئەو یاسایەی بەسەر گیاندارانیدا دەست ڕۆیشتووە بۆ مرۆڤیش هەر فەرمان ڕەواییە ، وەك ئەگەر چاوی کردەوە لە ڕۆشنایدا ئیدی بەئیختیاری مرۆڤ نی یە ،نەبینێ ،دەبینێت : ئەگەر خۆراکێك بخاتەسەر زمانی ،تامی ئەو خۆراکە دەچێژێت . بە ئیختیاری مرۆڤ نی یە . لێرەداو لەم بوارانەدا مرۆڤ موسەخەرە و مەجبورە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ گەشە دەکات و نەوە دەخاتەوە و خاوەن پێنج هەستەکەیە ،وەك گیانلەبەرانی دی ، مرۆڤ خاوەن ڕۆحێکە هۆکاری ساناتر بوونی دەست خستی ئەو شتانەیە ، ڕۆح ناتوانین باسی لێوە بکەین ، بەڵام دوتوانین باس لە دیاردە و

تایبەتمەندیەکانی بکەین تا ئەو سنورەی دەتوانین زانیاری دەست بخەین ،ئەو سنورەش پێویست کەناکات ،ئیدی هۆکاری دەست خستی زانیاریمان نی یە .
کاتێك رۆح دێتە ناو لاشەوە و دوای ئەوەی خۆی جێگیر دەکات مەبەست ئەوەیە بە تەنها بوونی لاشە . رۆح کارەکەی دەست پێ ناکات وە کارەکانی بەشێوەیەکی دروست و تەواو ئەنجام نادات ،بەڵکو پێویستە زەمانێك بگوزەرێنێت ،واتە ئەو کاتە بگاتە تەمەنی بلوغ ئیدی لە تەمەنی بلوغەوە سێ هێز بۆ رۆح دەکەونە کار . هێزێکیان بریتی یە لەوەی رۆح بەهۆیەوە وێنەی ڕوداو شوێنەواری ئەم جیهانە کە شایانی وێنا کردنە بکات ، ڕیکیان بخات و پلە پلەیان دەکات ،هەر پلە و ڕوداێك کەپەیوەندییەکیان هەیە پێکەوە لەلایەکەوە دایدەنێت و دوبارەی دەکاتەوە هەمە چەشنەتاقیان دەکاتەوە تادەگاتە ئەنجامێك ، وەك لەزانستی ئەزمونگەری و تەجریبدا، هەمان ڕێکا بەکاردەهێرێت تا دەگانە یاساو ڕێسایەك ، ئەم هێزەی مەعریفەتە میحوەی کاری لە جیهانی بینراودایە، جیهانی بینراویش هیچ نییە ، جگە لەم بەشە لە جیهانی هەستی ، لەلایەن زەمانەوە ، کە ئەم زەمانە نەحالەتی‌رابردوە و نە ئایندەیە ،لەلایەن کاتیشەوە کە ئەندازەیەك سنوری هەیە کە مومکینە مرۆڤ بیبینێت، بەڵام کاتێك لەجیهانی بینراو ترازا ، بۆ نموونە چووە باسی مەلائیکە و جن و وەشتانی دی لەم چەشنە ، ئیدی ئەوە لە دەرەوەی جیهانی بینراودایە ، ئەم هێزە لە جیهانی بینراودا کار دەکات و زانستێك هەماهەنگ بەڕێساو یاسایەك دەسەڵاتدارە بەسەر ئەم جیهانەدا دەست دەخات ، یەکێك لە هێزەکانی رۆح ، وشەی (بصر)ی بۆ بەکار دێت ،(بصر) مانای چاو (عین) نی یە (عین) ئەندامێکی ئەم لاشەیەیە،بەڵام (بصر) هیزێکی رۆحە بەهۆی ئەم چاوە (عین) کارەکانی خۆی دەکات .پاش ئەوە (بصر) معریفەی لە جیهانەی

بینـراوەوە دەسـت خـست ، هێزێکـی دی ڕۆح دێتـە مەیـدان و لـەو زانیارییـە دەسـتخراوە سـوود وەردەگرێـت و دەیـان کـات بەپێـشەکی و دەسـت کـەلاو زانیارییـەک کـە لـە جیهـانی بینـراودا نـی یـە و بـەهۆی (بـصر ) ەوە، دەسـت ناخرێـت ،ئـەم هێـزی دووەمـە دەسـتی دەخـات ،وەك ئـەو یاسـاو و ڕێسایەی دەسەلأتدارە بەسـەر جیهـانی بینـراودا بەسـەر گیانـەوەران و مـرۆڤ و درەختـان، ئەوانــە دەرك دەکــات و پاشــان دەیــان کاتــە نیــشانە و بەڵگــە بــۆ دەرکــی نێهنیەکانی پشتی ئەم جیهانە ،بۆنموونەسیفاتی خوا دەناسیٚ و ئەم هێزە بۆ دەرك کردنی ئەو مەبەستانەی پەیوەندیان بەپشتی ئەم جیهانەوەیە ،جیهانی غەیب و زات و سیفاتی خوای گەورە ،پیٚ ی دەڵێن ( قلب ) یان ( فؤاد) ،واتە کاتێك ئەو زانیاریانە دەرك دەکات ، بەپێی ئەو زانیاریانەو هەماهەنگ لەگەڵی دەگۆڕێـت ، چونکە وشـەی (قلب ) واتـە هەڵگەڕاندنـەوەو (فـؤاد) یش واتـە : کاتێـك مەعریفـەتیکی لـەو بـوارەدا دەسـت خـست ، گـڕی پێـوە دەگـریٚ ،بـەو واتایـەی پەیوەندیـەکی تونـد و تـۆڵی لەگـەڵ پەیـدا دەکـات ، وەك ئـاگریٚ لـە دەروونـدا هەڵدەگیرسـێت و دەیـسوتێنێت ، واتـە زانـستێکی ووشـك نـی یـە ، جیـاوازە لەگـەڵ زاراوەی فەیلەسـوفەکان کـە چەمکی (زهـن) لـە بەرامبەریـدا بوکار دێنن لە ڕاستی دا (زهن) مانای (قلب – فؤاد ) ناگەیەنێت لە پاش ئەم دوو هێزە ، مەعریفەتێکی تر بۆ مرۆڤ دێتە پێش ،کە نەبەهۆی ( بصر) دەست دەخرێت ،نە بەهۆی (قلب) یان (فؤاد) دەست دەخرێت ،بەمانا ئەو زانیاریانە نەعیبارەتن لە هەبو لە جیهانی غەریب و بینراو ، وە نە لەڕێسا و یاسایەك کە دەسـەلأتدارن بەسـەر هەبوویـەك کەلـە یـەکێك لـەم دوو جیهانـەدا هەیـە ،وە نـە پەیوەستن بە زات و سیفاتی خواوە ،بـەڵکو زانیاریـەکن پەیوەندیان بە ئـەوەوە هەیە کاتێك مۆرڤ هەندیٚ لە ڕاستی یـەکێك لـەم دو جیهانە دەرك دەکات .و لە

باری خواوە معریفەی وەرگرت ، دەبێ هەڵوێست بگرێت ،چی بکات و چی نەکات ، بڕیارەکانن ، لە پاش ئەوەی مرۆڤ ئەو زانیاریانەی دەرک کرد کە پێشتر هەر هەبوون : بڕیار شتێکە ئێستا دەرێت ،زانیاریەکە پەیوەستە بەم بواری بڕیاردان و یاسادانانەوە، ئەم بڕیاردانە ، نە لە جیهانی هەستێن تا (بصر) دەرکیان بکات ، نە لە جیهانی غەیب و زات و سیفاتی خوان تا قلب دەرکیان بکات ،بەڵکو هێزێکی تر هەیە بۆ مرۆڤ ،هێزێکی دی ڕۆحە ،کە ئەو دەرکی ئەمانە دەکات ،کە بریتی یە لە (سمع) ، سمع جیاوازە لە گوێ ، گوێ واتە( اڎن) سمع هێزێکە بۆ ڕۆح بەهۆ گوێ (اڎن) کاری خۆی ئەنجام دەدات ،ئەم هێزی(سمع) ە ،وەك دەردەکەوێت لە مانا زمانەوانیەکەیدا ،کاری وەرگرتنە و قبوڵ کردنێتی بەشێوەیەکی سونەتی و کلاسیك ،پاش ئەوەی کە توانای نەماوە خۆی سەربەخۆ کارەکانی بکات و معریفە دەست خات ، بە (بصر) و (قلب) گوێ دەگرێت لەکەسێکی دی کە شارەزایە لەو بوارەدا ، چونکە خودی مرۆڤ ناتوانێت بڕیار و حوکم دەرکات ،بۆیە گوێ دەگرێت بۆمنێکی بالآتر ، ئەو منە بالآیە بڕیار دەردەکات و ئەم دەیبستێ و قبوڵی دەکات شێوازی گەیاندی ئەم مەعریفەیە سروشە، بەڕێگەی سروش خوای گەورە هەمیشە بەرنامەی ژیانی ناردوە بۆ مرۆڤایەتی ، ئەمە سێ هێزە کە لە ڕۆحی مرۆڤدا هەیە . هەرکامیان جۆرێك لە زانیاری دەرك دەکات ، ئەڵبەتە زانیاری دیکە ،پێنج هەستەکە دەرکیان دەکات وەك شکڵ و ڕەنگ و چاو و بۆن لوت دەرکیان دەکەن.

ئەوانەی کە هاوبەشن لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا ، وەك تایبەتمەندیەك بۆ مرۆڤ دیلری ناکرێت ، بۆیە باسی لێوە ناکەین ،پاش ئەوەی مرۆڤ بە ( بصر) جیهانی تا ئەندازەك دەرگ کردو ناسی . (قلب ) جیهانی غەیب و زات و

سیفاتی خوای ناسی . جیهانبینی و وێنا کردنێک کە ببێتە بنچینە ، بۆ جوڵەی مرۆڤ پەیدای کرد ،وە بە (سمع) یش چۆنیەتی جوڵەی وەرگرت و ڕێگەی خەیر و شەڕی ناسی ، کەچی بکات و چی نەکات ،ئەو کارە بکات خەیرە و باشە ، ئەو کارە نەکات شەڕ و خراپە ،حەق و باگلی لە یەك جیا کردەوە، وەك نموونە ، رستا خێز و دواڕۆژ و یەکتابەرستی حەقەو هاوەڵ پەیداکردن و قبول نەکردنی دواڕۆژ و فەناکردنی رەهای پاش مەرگ باتڵە .

هێزێکی دی هەیە بۆ مرۆڤ کە ئەویش بە ئەندازەیەك دەست تێوەردانی هەیە ،ئەو هێزە لە بنچینەدا بریتی یە لە (هەوا) بەعەرەبی،(هەوەس ) بە کوردی ،ئەو حالەتە دەرونیەیە هەر کرۆڤێك هەندێ شتی پێ خۆشە هەندێ شتی پێ ناخۆشە ،وەك نموونە حەزی لە هەندێ خواردنە ، جل و بەرگە ....حەزی لە هەندێکی دی نی یە ، یان ئەمڕۆ حەزی لە خواردنێکە سبەی حەزی لێ ی نی یە ،ئەمە ئەسڵی هێزکەیە ، کە مرۆڤ و ئاژەڵان هاوبەشن تێیدا ، هەر خودی ئەم هێزەیە جوڵە دەدات بە ئاژەڵان کە ڕوەو هەندێ شت بڕۆن و لە هەندێکی دی هەڵێن ،بەڵام کاتێك مرۆڤ ئەم هێزەی کردە پاشکۆ و شوێن کەوتنی ئەو سێ هێزەکەی دی ،بەمانا کاتێك شەور و ڕۆژ خەیر و شەری لەیەك جیاکردەوە و (هەوەس)یشی ،کردە شوێن کەوتەی ئەو سێ هێزەکەی دی ، دواجار لە چوار چێوەی (هەوا) دەریەت ،بەو مانایەی لەو چوار چێوەیە دەریەت کە بە غەریزە هەرچی پێ خۆش بوو بیکاتو هەرچی پێی ناخۆش بوو نەیکات ،ئەوەی بە مەعریفەت و ناسین و کۆشش بۆی دەرکەوتون باشن ، وەریان دەگرێت و ئەوانەش بە خراپە ناسراون و بە مەعریفەش دەرکیان دەکات لەوانەش هەڵدەێت ،لێرەوە ئیدی ئیرادەیەکە ( موزەکا) تەزکیە بووە دواجار (هەوا) نی یە ، وشەی (هەوا) لێکدراوی (هویً) یە ، واتە:سوقت کردن ،پەککەوتن . لە

حالەتێتکدا تەزکیە نەبێت ،یەکی دەکەوێت و دەبێتە (اسفل سافلین) واتە : لە خوار هەرچی خراپەوەیە ،بەڵام لە حاڵتێکدا پاشکۆ و شوێن کەوتووی ئەو سێ هێزەکەی دی بوو، ئیدی ئیرادەکە ، کە تەزکیە کراوە و ڕووەو قۆناغی باڵاتر هەنگاو دەنێت ،ئەم هێزی چوارەمە لەپاش ئەوەی خەیر و شەڕی ناسی ، دەست دەهاوێتە کارەکان و مرۆڤ لە دوو ڕێگە یەکێکیان هەڵدەبژێرێت ، بە شێوازێکی تر مرۆڤ کاتێك دوو ڕێگەی بۆ ڕۆشن بوویەوە وەك درستکراوانی دی نی یە موسەخەربێت ،تەنها یەك شێوازی هەبێت بۆ مامەڵکردن و یەك جۆر لە جوڵەی هەبێت .بەڵکو چونکە هەبووەکانی دی وەك یەکن یەك ڕێگەیان هەیە ، هەستی ئەوەیان پێ نەدراوە کە ڕێگەی دی دەرك بکەن تا بابەتی هەڵبژاردنیان بۆ پێشنیار بکرێت ، بەڵام مرۆڤ ئەو هۆکارەی پێ دراوە بەلای کەم دوو ڕێگە بناسێت، حەق و شەر جۆر لە جیهان بینی ببێت ،خەیر و شەڕ دوو جۆر لە بەرنامەی ژیان،لە ئەخلاق و ئەحکام .....بناسێت ،هەر خودی ئەم بابەتە ، سەرەتایەکە بۆ نیشان دانی ئەوەی مرۆڤ مەختارە ، لێرەدا سەرنج بدەن خودی ئەم مومارەسەیە سەرچاوەی ئازادی ئیختیار و ئیرادەیە ،واتە کاتێك لانی کەم دوو حاڵەتی وێنا کردن هەیە ئیدی پێویستە یەکێك لەم دوو وێنا کردنە هەڵبژێرێت ،مرۆڤ ئەو ماددەیەی هەیە یەکێك لەو دوو ڕێگەیە هەڵبژێرێت ،گەر چی لە مێژوودا باس لە ئازادی مرۆڤ کراوە بە باشی یان بەخراپ ،بەڵام بابەتێکە جێگەی گفتوگۆ نی یە بەڕای من ،ئەم بابەتە جەبر و ئیختیارە یان بەزاراوە قورئانیە کە( تەسخیر و ئیبتلائە) زۆر ڕۆشنە ،ئەم بابەتە لە زەمانی عەباسیەکاندا باسی لێوە دەکرا ، بەڵام هێندە قوڵ نی یە کەباسی لێوە بکەین ، ئەی چی بووە هۆی پەرەپێدانی ئەم جۆرە لە وێنا کردن لەو زەمانەدا ؟ لە لایەکەوە سوودی هەبوە بۆ دەزگای حکومەت کە هەندێ هاوڵاتی

ئیمان لاواز بکاتە هۆی بلاوبونەوەی ئەم بابەتە تا زانایانی موسڵمانی پێوە خەریك کات و زانایان کاتی خۆیان لە ڕۆشن کردنەوەی ئەم حەقیقەتانەدا خەرج بکەن ،لەلایەکی دیکەشەوە هەندێ لە زانایان کە هەستی بەرپرسیارێتیان نەبوو یان کەم بووە،بەداخەوە هەندێ لەم زانایان هەر بوون و هەر ئەشبن ،خۆیان بەو باسانەوە خەریك کردووە ، هەندێ کەس بەناوی (جەبری ) پەیدا بوون ،کۆمەڵێکن بۆ ئەوەی خۆیان لە دەست تەکلیف ڕزگار کەن وتوویانە ،ئێمە هەر وەك ئەو درەختەین کە (با ) لێیدەدات دەلەرێتەوە ، وەك ئەو ئاوە واین لەکاتی لارکردنەوەی دەرژێت ، وەك ئەو بەردەین لە چیاکان تل دەبنەوە بە دەست خۆمان نی یە خوا ئەم کارەمان پێ دەکات ، بەم شێوەیە دڵی خۆیان خۆش کردووە ، دواجار هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن و هەرچی دەیکەن دەڵێن خوا دەیکات ، ئەگینا زۆر ڕۆشنە مرۆڤ پاڵی پێوە بنێن بکەوێتە خوارەوە جیاوازە ، لەگەڵ ئەوەی خۆی بازباتە خوارەوە و دەستێکی بشکێت دوایی سەر کۆنەی کەس ناکات ، بەلام کەسێك پاڵی پێوە بنێت و بکەوێتە خوارەوە تەنها پەنجەیەکی زامار بێت دەست دەکات بەلێ پێچینەوەی و قسە پێ وتن ،ئەو حاڵتە ئەوە دەردەخات کە دەرکی جیاوازیان دەکرێت یان ڕونتر کەسێك لە سەربانێکەوە دەکەوێت بە سەر کەسێکدا ،ئەڵبەتە دەست ئەنقەست نا ،لەگەڵ ئەوەی کەسێك شەقێکی تێ هەڵدات ،جیاوازیان دەکات . سەرکۆنەی یەکەم حاڵەت ناکات ،بەلام لەگەڵ حاڵەتی دووەم ڕەنگە شەڕی قوورس ڕوبدات ،تا ئێرە هاتوینەتە سەر ئەوەی کەئەم مرۆڤە لە کاتێکدا تەقدیری کراوە ، تایبەتمەندێکی هەیە ئەیش ئیرادەیە ، بەم پێشەکی یە و پاش ئەوەی (سمع و بصر و قلب ) بەمرۆڤ دراوە ، تا ڕێگەی خەیر و شەڕی پێ بناسێت و جیایان بکاتەوە ، خۆ بەخۆ هەڵبژاردنی یەکێك

لەو دوو ڕێگەیەی بۆ هاتۆتە پێش ،ئامادەی هەیە کە لەو دوو ڕێگەیە یەکێکیان هەڵبژێرت ،ئەم تایبەتمەندی یە لە هەموو هەبوویەکدا نی یە ، بەڵکو تەنها لە مرۆڤ و هەندێ هەبووی وەك مرۆڤدا ئیرادە هەیە ، پێشتر وتمان جوڵەی هەر هەبوویەك پەیوەندی بەو ئامادەییەوە هەیە کە بەو دروست کراوە دراوە ، ئەگەر ئیرادە هەبوو ئیختیاری و ئیبتیلائیە ،چونکە لە مرۆڤدا ئەم تایبەمەندی ئیرادەیە هەیە کەواتە جوڵەکە ئیختیاریە .

ئێستا دێینە سەر ئەوەی چۆن ڕێك دەکەوێت کە مرۆڤ موختارەو هەر شتێکیش پێشتر خوای گەورە لای خۆی باسی کردووە و لەزانستی خوادا هەیە،ئێستا بجوکترین ڕووداوێك ڕوودەدات ، بەجێ گەیاندنی بەشێکە لەجێ بەجێ کردنی ئەو پلان و نەخشەیە ، چۆن ئەم دوو لایەنە وێك دێتەوە لەلایەکەوە مرۆڤ موختارە ، لەلایەکی دییەوە هەرشتێك ڕووبدات لای خوای گەورە دیاری کراوە و نەخشەی بۆ کێشراوە ؟ هەرچی شتێك وەك لە نمونەی ئەندازیارەکەدا وتمان ، کارەکەی لە زهن و زانیاری خۆیدا دیاری کردوە ،پاشان هەماهەنگی ئەو زانیاریە ،کارەکە ئەنجام دەدرێت ،خوای گەورەش دیاری کردووەچۆن کارەکە ئەنجام بدرێت . لە لایەکی ترەوە چونکە بە بێ هۆکار کارەکەی ناکات ، بۆ هەر کارێك هۆکارێکی داناوە یان بۆ هەرکارێك لەم کردارانە ئەنجامی دەدات و بڕیارە ئەنجامیان بدات ، چەند تایبەتمەندی و ئامادەیەکی داوە بەو دروست کراوە ، بۆ نمونە خوا دەیەوێت لەگەڵە تەمەنی دریژی ئەم جیهانە ، چەند جارێك چەند شتێك بسوتێنێت ،ئەم کارە ئاگر دەیکات ، لێرەوە هۆکارێکی دروست کردووە کەلە چوار چێوەی ئاگرەکەدایە ، تایبەتمەندی و ئامادەیەکی دیاری کراوی سوتاندنی داوە بە ئاگر، بۆیە لەهەر کاتێکدا خوا بیەوێت دەسوتێنێت ، کەواتە ئیرادەکە لە چوار چێوەی

ئاگرەکەدایە ، تایبەتمەندیەك ئەو ئاگرە هەیەتی دەیکاتە هۆکار بۆ بەجێ گەیاندنی بۆ ئیرادەی خۆی ،کارەکانی خۆی بەم جۆرە هۆکارانە ئەنجام دەدات ، بۆیە ئەو کارانەی بڕیارە ئەنجام بدرێت لەم جیهانەدا ، کۆی ئەو ڕووداو هاوکێشانە لەم جیهانەدا ، هەمووی کاری خوایە ، ئەمە یەوحید و یەکتاپەرستی لەکار و جوڵەدا. بەمانا مرۆڤ دڵی دامەزرێت باوەڕیشی وا بێت کە هەرچی کار و کاریگەریەك هەیە لەم جیهانەدا هەمووی هی خوایەو ،هەر هەبوویەك وەزیفەیەکی تایبەتی بۆ داناوە ئەنجامی بدات ، بە مانا کارێك لە کارەکانی خۆی بەکاربێنێ. بۆ ئەوەی کارە بکات تایبەتمەندیەکی و ئامادەیەکی دیاری کراوی پێ داوە ، کەواتە ئێستا ئەم هەبوانە هەرکامیان بە پێی تایبەتمەندی و ئامادەیەك کە هەیەتی خەریکی ئەنجامدانی وەزیفەکەیەتی ،ئەوە خوایە کار دەکات ،خوایە کاریگەرە ، بەلاَم ئێمە لە ڕووکەشدا ئەو کار و کاریکەرە لەو هەبووەدا دەبین، وەك ئاگرەکە دەسوتێنێت، بەلاَم ڕاسیەکەی ئەو ئاگرە تەنها هۆکارێکە .تەنانەت کەسێك باوەڕی بەخواش نەبێت پێویستە بۆی ڕۆشن بێتەوە ، ئەوە ئاگر نییە دەسووتێنێت ، تەنانەت کەسانێك هەن خویان دەخەنە ناو ئاگر و ناسوتێن ،وەك ئەهلی تەسەوف ، تەسەوف بە واتا گشتیەکەی واتە چ دەروێش و چ کەسانێکی دی غەیرە موسڵمان ، چ لەو کەسانەبێ دۆستایەتی خوایان بۆ سابت ، چ لەو کەسانەبێ لە باشترین پیاوانی خوان ،وەك حەزرەتی إبراهیم ( علیه السلام ) کەوتە ناو ئاگرو نەش سووتا ،یا کەسانی دی دەچنە ناو ئاگر و ناش سووتێن ، لە کاتێکدا لەلایەن ئەمانەوە ئامادەیی بۆ سووتان هەیە، یا لە کاتی تردا ئەو کەسانە کە لەو کاتەدا ناسووتێن ،گەر خۆیان بخەنە ناو ئاگر دەسووتێن ،ئاگریش خۆ هەر ئاگرە ، تەواوی مەرجێك لە زانستی فیزیادا باس دەکرێت ،

وەبە ئەزموونیش سەلماوە کە دەبێت ئاگر ببێت تا شتێك بسووتێت لەو کاتەدا ، بەڵام بۆ ناسووتێت ؟. لەبەر ئەوەیە ئیرادەیەکی تایبەتی و ڕەزامەندیەکی تایبەت لەلایەن خواوە هەیە، لەو کاتەدا ئیستعداو تایبەتمەندی لە ئاگر سەنراوەتەوە ،ئیدی ئاگر لەو کاتەدا لەگەڵ ئاودا ئاکسانن ، تەنانەت بۆ حەزرەتی إبراهیم ( علیه السلام ) دەبێتە فێنکی ، فێنکی دەبێتەوە لەناو ئاگرەکەدا ....( قُلْنَا يَانَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ ) ببە بە فێنکی و سەرما بۆ إبراهیم ، لێرەدا زۆر سادە ئاماژە دەکات ، ئەو هێزو تایبەتمەندی و ئامادەیەی کە هەیەتی بۆ سوتاندن زاتی (خودی) نی یە، هی خۆی نی یە گەر هی خۆی بوایە ئەوا هەمیشە خاوەنی دەبو ،بەڵام لە جێگایەکی دییەوە پێ ی دراوە بۆیە لەم کاتەدا لێ ی سەنراوەتەوە ، گەر چی بەڕووکەش وا دەزانرێت ئەم هۆکارانە خۆیانن کاریگەرن و کار دەکەن ،بەڵام لە ڕاستیدا هەر تایبەتمەندی و ئامادەییەك بە هەر کام لەمانە دراوە بەخششێکە کە تێیدا دانراوە . ئەو کەسەی تێیدا دایناوە هەر وەخت ویستی لێ ی دەسێنێتەوە ،دواجار خوایە کاریگەرە و کار دەکات ،بەڵام لە چوار چێوەی قاڵبی ئەم هۆکارانەدا ،لێرەدا دەتوانین بە دوو جۆر باسی لێوە بکەین ،بڵێین ئاگر کاغەزی سوتان ،یان بڵێین خوا بە ئاگر کاغەزی سوتاند، نمونەیەکی سادەتر ، مۆرۆ بە چەقۆیەك خەیارێك لەت دەکات ،لەگەڵ ئەوەی مرۆ جوڵێنەری ئەو چەقۆیەیە ، گەر مرۆ نەبێت چەقۆ هەزار ساڵ لای خەیارێکدا دانێیت لەتی ناکات ،دەڵێن مرۆ بە هۆی چەقۆوە خەیاری لەت کرد ، یان چونکە چەقۆ هۆی لەت کردنە، کواتە چەقۆ خەیارەکەی لەت کردوە ، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە ئامادەی لەت کردن لە چەقۆدا هەیە .بەڵام تا نەخرێتە کار کاریگەری نابێت لەڕووی کارەوە .کە وابوو خوا بۆ ئەوەی کارەکانی لەم جیهانەدا ئەنجام

بدات .کەهەرچی کارە هەمووی هی خۆیەتی هۆکاری داناوە .تایبەتمەندی و ئامادەی جیاوازی بەخشیوە بە ئەم هۆکارانە ، بەم هەبوانە.هەر کام بەپێی ئەو تایبەتمەندی و ئامادەییە کە هەیەتی کارێکی تایبەت ئەنجام بدات. لەلایەکی دییەوە وتمان ئەم تایبەتمەندی و ئامادەیانە دەبن بەدووجۆر جۆرێکیان لەخودی خۆیدا ئیرادە هەیە جۆرەکەی دی خاوەن ئیرادە نی یە .لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چۆن ئاگری موسەخەرە. ئاگری بێ ئیرادەش هۆکارە بۆ ئەنجامدانی کاری خوا،سوتاندن کاری خوایە لە قاڵبی ئاگردا ،هەر واش ئیرادەی مرۆڤ هۆکاری ئیرادەی خوایە و خوا لە قاڵبی ئیرادەی مرۆڤەوە کارەکانی ئەنجام دەدات ،بەهۆیەوە کارێك هەڵدەبژێرێت هەر خودی ئەو ئیرادەیە هۆکاری ئەنجامدانی ئیرادەی خوایە ،لە قاڵبی ئیرادەی مرۆڤەوە خوا ئیرادە دەکات ،خوا دەیەوێت کارێك ئەنجام بدات ،لە قاڵبی گەرەك بوونی مرۆڤەوە ،واتە دوو ئیرادە کۆدەبێتەوە ، ئیرادەی مرۆڤ وەك ئاگرەکە قاڵبە ،ئیرادەی خواش ئەوی کردووە ،بە هۆکار و بەم ئیرادەی مرۆڤە مەبەستی خوا بەئەنجام دەگات ،وەك چۆن بە ئاگرەکە مەبەستی خوا بە ئەنجام گەیشت . ئەم ئاماژەیە بەکار دێنین ،ئیرادەی مرۆڤ هۆکار و قاڵبە بۆ ئیرادەی خوا و لەو چوار چێوەدا خوا کار دەکات ،دژی ئەوە نی یە کە بەڕاستی مرۆڤ حەقی هەڵبژاردنی هەیە ، بەو جۆرە نی یە کە بڵێین ،ئەمە چ ئیرادەیەك بوو ،ئیرادەی مرۆڤ قاڵبە و هۆکارە بۆ ئیرادەی خوا ، وەك نموونەی ئاگرەکە ، ئەو هاوکێشەیە بابەتێکی سادە شیکاری دەکات ، ئەویش ئەوەیە ،مرۆڤ غەیب نازانێت ، بەواتا مرۆڤ یەك سات (سات بەواتای تەواو ) لە هەزار یەکی چرکەیەك دوای ئەو زەمانەکە تێدایەتی پێ ی نازانێت ، لە لایەکی ترەوە مرۆڤ بەچی ڕاسپێراوە ؟ ئایا مرۆڤ بە ئەنجامی کار یا بەشێکی دی ڕاسپێراوە ،

مرۆڤ ڕاسپێراوە پاش ئەوەی چاکە و خراپەی جیاکردەوە ،هەماهەنگی ئەو ئامادەیەیە کە هەیەتی بۆ هەڵبژاردن ،موکەلەفە چاکە هەڵبژێرێت ،لە خراپە دوور کەوێتەوە مرۆڤ بە هەڵوێست وەرگرتن و هەڵبژاردنی باشە ڕاسپێراوە ،دواتر هەر ئەنجامێکی هەبێت شوێنەوارێکی لەم هەڵبژاردنەدا هەبێت یان نەبێت ،ئیدی بەدەستی ئەم نی یە ،بۆ ڕۆشتن بوونەوەی ئەم باسە نمونەیەک باس دەکەین: موسڵمان لەبەرەکانی جەنگدایە و لەگەڵ کافر شەڕ دەکات ، تفەنگی بە دەستەیەوەیە پێویستە کافر بکوژێت ،ئەم مرۆڤە چەندێك موکەلەفە و چی لە دەست ئەم دا یە؟ پاشان ئەم بابەتە چۆن دەستی هەیە لە لەڕۆشن کردنەوەی ئەوەی ، مرۆڤ ئیرادەکەی هۆی ئیرادەی خوایە،دواجارش مورید و خانوەن ئیرادەیە، مرۆڤ موکەلەفە هەڵوێستی سەد دەرسەد بکرێت و عەزم بکات لەسەر کوشتنی کافرەکە لەبەرامبەر یەوەیەتی ، عەزم و هەڵوێستی سەد دەرسەد شتێکە لە دڵی مرۆڤدایە ،پاش ئەوەی خەیر و شەڕی لە یەکتر جیاکردەوە ،خۆی ڕادەبینێ بۆ خەیر بەشێوەیەکی وا هیچ پاشگەزبوونەوە و دوولیەکی تێدا نەمێنێتەوە، لە ئەنجامدانی ئەو کارە ،خودی ئەم کارە خوازیاری ئەوەیە (اخذ هۆکار بگرێت ،تەنها خۆزگە نەبێت ، لە دڵەوە بێت ، تەسمیمی هەیە بۆ کوشتنی کافر و بەڵام دەست نەدانە چەك ،نەخێر !مرۆڤ عەزمەکە دەکات تصمیمی یەکلاکەرەوە و دەگرێت ،پاشان هەر هۆکارێك پێویستە ئەیگرێتە بەر و سوودایان لێوەر دەگرێت ،تا سنووری توانا ،ئەڵبەتە لێرەوە سەروکار لەگەڵ تەخسیرو جەبردا پەیدا دەکات مرۆڤ تەنها لەو تصمیم گیریەدا موختارە ،ئەوەیە کاری ئیرادە ( موسڵمانەکە خەریکە تەکلیفی خۆی ئەنجام دەدات ،تەقە دەکات تا کافر بکوژێت ،لەوکاتەدا پەنجەی ناوەتە سەرماشی چەکەکەی و فیشەکی تێدایە و نیشانە گیری دەکات بۆ دوژمن و

بڕیارە بیتەقێنێت ،عەزم دەکات ،هەر هۆکارێك ڕێکەوێت جەم و جۆری دەکات ، تا ئێرە مرۆڤ موختارە ، بەڵام لێرە بەدواوە بە دەستی ئەم نی یە لەو کاتەدا عەزم دەکات تەقە بکات ،ڕەنگەپەنجەی وشك ببێت ، ڕەنگە چەکەکەی دوکەڵ گرتبێتی و گوللەکەی سەر بکات ،یا خوار بکات ڕەنگە دەستی بلەرزێت ڕەنگە کەسێك بدات لە دەستی . ڕەنگە ئەوەی تر سەری دانەوێنێت یان زەوی لەو کاتەدا بجوڵێت یان هەر شتێك لە ئیحتیمللات ،تەسخیرین و جەبرین و لە ئیختیاری ئەم دانین ڕوودەدەن، لەگەڵ ئەوەی ئەم عەزمی هەیە و تەصمیمی لەسەدا سەدی بۆ کوشتنی کافر هەیە ،ڕێك نەکەوێت .لێرەدا ئەم قسەیە زۆر وردە گەر سەرنجی بدەین ئەو ئیرادەیەی مرۆڤ هەلوێستی پێوەی دەگرێت و کوژرانی کافرەکە شتێك نی یە لێپرسراوی بێت ، لێپرسراو بووە بەو عەزم و(تصمیمە) لەگەڵ بەکارهێنانی هۆکار ،بەڵام ئەنجام و بەرهەمی ئەو عەزمە و (تصمیمە)ە ئیتر بەدەستی مرۆڤ نی یە ، کەوا بوو ئەنجامەکە تەسخیریە ، زەرەر لە ئختیاری ئەم نادات ،دیقەت لەم حاڵە دا بکەن ، کوشتنی بەرامبەر پەیوەندی بە هۆکارانێکی جەبرییەوە هەیە ، دەبێت ئەم دەستی نەلەرزێت ،ئەو سەری دەنەنەوێت ،دەبێت زەوی نەلەرزێت ...خودی دروست کردنی کاریگەریەکە پەیوەندی بە هۆکارانێکی دییەوە هەیە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ ،واتە تەسخیری و جەبریە ، مرۆڤ موکەلەف نەبوو بە دەست خستنی دەرئەنجام و کاریگەری ! دواجار ئەو حاڵەتی جەبریە لە دەست مرۆڤ نی یە ،بە مانا لە پاشدا لێ پێچینەوەی لەگەڵ دا ناکرێت بۆچی کابرت نەکوشت ؟ لێرەوە ئەو قسەیە بێ مانا دەبێت ،چۆن لەلایەکەوە ئەم یاسا تەسخیری و جەبرییە دەستی هەیە و لەلایەکی دییەوە لێ پێچینەوەی لەتەکدا دەکرێت !؟ بۆچی ئەو کارەت نەکرد ؟ بەڵکو مرۆڤ لە قیامەتدا لێپێچینەوەی لەسەر ئەوە

لیٚ دەکریٚت ،بۆچی عەزمت نەکرد؟ (تصميمى)لەسەدا سەدت نەگرت کافرەکە بکوژێت ؟ یان پاداشتی دەدرێتەوە لەسەر کارەکانی ،ئیدی ڕەنگە لە پاش ئەوەی (تصميمى ) ەکەی گرت، ،عەزمەکەی بوو، هیچ ئەنجامێکی کارەکەی نەبێت ، بەمانا ڕەنگە یەکێك لەو ئەگەرانە کافرەکە نەکوشێت ، لە دواڕۆژدا پاداشتی ئەوەی هەیە کە کافرێکی کوشتبێت گەرچی نەش کوژرابێت، چونکە بەدەستی خۆی نەبووە، لەگەڵ ئەوشا گەر عەزمی لەسەدا سەدی نەبێت ، بەلاٚم لەوکاتــە دەســتی دەجوڵێــت و گوللــە دەردەچــێت و کافرەکــە دەکوژێــت ،لەوکاتــەدا پاداشــتی ئــەوەی بــۆ نانوســرێت کــە کــافرێکی کوشــتووە بــەڵکو بەشێوەیەکی ( موتەرەدیـد) دەدرێـت لەقەڵـەم لـە قیامەتـەدا ،ئـەو کاریگەریـە دەرەکی یە بەدەستی ئەم نەبووە ،لە لایەکی دییەوە کێشە خودی عەزمەکەیە ، پرسیار هەر باقیە ،وەك دەڵێن مەگەر خودی (تەصمییمە) کە موقەدەر نی یە ؟ گومــان ئەوەیــە کاتێــك دەڵــێن لــە (تەصــمیم ) کــەدا موکەلەفــە .خــودی تەصــمیمەکەش موقــەدەرە و قاڵبــە بــۆ ئیرادەی خــوا ،هۆیــە بــۆ کــاری خــوا ، کێشەکە لێرەدایە ، بەلاٚم مەسەلەی غەیب چارەی ئەم کێشە دەکات ، تا کاتێك (تەصمیمە) کە قۆناغ قۆناغ دەچێتە سەر تا دەگاتە ٩٩,٩٪ واتە یەك لە دەی سەدی ماوە ئیدی تا ئەوکاتە هەر موکولەفە ،تا دەگاتە ١٠٠٪ نازانین ئایا خوا موقەدەری کردووە ئەم ( تەصمیمە ) بگرێت یان نا ؟! چونکە غەیبە نازانین چی ڕوودودات؟ ئەو یەك لە هەزاری سانیەك کە هێشتا ئایندەیە بە نیسبەت ئەمەوە نەهاتۆتە دی مرۆڤ پیٚ ی نازانێت ،غەیب نازانێت ،کەواتە هێشتا لە حاڵی ئەنجامی تەکلیفدایە ،بە مانا نەبووەتە عەزم و تەصمیمی ١٠٠٪ یان وەختــە کــە نەفــەوتاوە ، تــا بڵــێن ئەمــە ئیتر ئیرادەی خوایــە و موقــەدەرە ، پێویستە مرۆڤ عەزمی ببێت تا کاتی ئەنجامی تەکلیف دەکات ڕۆشن نی یە

کە عەزمی ۱۰۰٪ یان نەخێر ؟ کاتێکیش بوو بە عەزمی ۱۰۰٪ و عەزمی کرد پاشان دەزانین کە ئەم کارە موقەدەرە و دەبوو ئەم تەصمیمەی بگرتبا ، دەبوو ئەم ئیرادەیەی ببوایە ، بەڵام خۆ تەکلیف بۆ ئەم نەماوە ، کەواتە کاتێك ئەم خەریکی ئەنجامی تەکلیفە ،ڕۆشن نی یە کە موقەدەری خوا کامەیە ، یەکێك لە دوو ئەگەر هەیە یەکێکیان ئەوەیە ،تەصمیم و عەزمەکەی موقەدەرە کردبێت، ئەوی تریشیان ئەوەیە خوا موقەدەری نەکردبێت،من دەتوانم یەکێك لەم دوو ئەگەرە هەڵبژێرم ، بەڵام کاتێك بوبە عەزم و تەسمیم، کاتێکیش ڕۆشن بویەوە کەویستی خوا ئەمە بوو کە تەصمیم و عەزمی ببێت، بەڵام تەکلیف نەماوە ،بەمانا کاتێك بۆی ڕۆشن دەبێتەوە کە موقەدەر چی یە!! وەئیدی تەسخیری و جەبر لێرە دێتە ئاراوە ، تازە تەکلیف نەماوە ئەنجامی بدات ،تا بڵێین چۆن تەکلیف ئەنجام بدات وەك کەسێکی موختار،لە کاتێکدا جەبر و موقەدەری بۆ دەرکەوت ، بەهەمان شێوە کاتێك دەگەینە ۸۰٪ لە تصمیم پلە پلە دێت بەرەو ژوور پێش ئەوەی ببێتە ۸۱٪ ئەو موکەلەفە تا بیکاتە ۸۱٪ ڕەنگە نەشبێت ،بەڵام چونکە دوو ئەگەر هەیە پێویستە یەکێکیان هەڵبژێرێت ،کاتێك ڕۆشن بوویەوە موقەدەر بو واتە حەتمەن دەبوایە ئەمە ببوایە،ئەمە جەبرە و دەبێت ببێت ، بەڵام تازە ئەم تەکلیفی نەماوە ، بە نیسبەتی ئەوە وە ۱۰۰٪ ئەنجام دراوە و تەواو بوو ، بۆیە ئەم ئەم مەسەلەی غەیبە گەر وەردەکاری تیا بکرێت و دەرك بکرێت ، گرفتی تەسخیر و جەبر وئیختیار چارە دەکات . کورتەکەش ئەمەیە : کاتێك مرۆڤ خەریکی ئەنجام دانی تەکلیفە دەشێت موختار بێت و موقەدەری خوای بۆ ڕۆشن نەبوبێتەوە ئەگەر موقەدەر بوون و نەبوون خوا کامیانی بریار لەسەر دراوە .کاتێکیش ڕۆشن دەبێتەوە کامیات موقەدەرە . واتە باش ئەوەی کارەکە ئەنجام دەدرێت .

تەكليف نامێنێت ،تا بڵێی ڕۆشن بویەوە  كە موقەدەری خوا كامەیە و نابێت لێی لابردرێت ،ئیدی چۆن دەبێت موكەلەف بێت كە تەكلیف بەنیسبەت ئەمەوە نەماوە، كەواتە مرۆڤ یەكێكە لەو هۆكارەی خوا كاری پێ دەكات ، ئیرادەی مرۆڤ  قاڵبێكە لەو قاڵبانەی ئیرادەی خوا كار دەكات ، بەڵام چونكە مرۆڤ غەیب نازانێت ،وە ئێمەش موقەدەری خوا نازانین چۆنە ،مەگەر لەحزەیەك پاش ڕوودانیان ،هەمیشە دەبێت كارەكە ئەنجام بدرێت ئەوساتە دەزانین خوا ئیرادەی ئەو  كارەی كردوە ، لەڕوانەگەی ئەم تێزەوە لەگەڵ ئەوەی ئیرادەی مرۆڤ  قاڵبی ئیرادەی خوایە ، هۆكارە بۆ بەرجەستەكردنی مەبەستەكانی خوا ،بەڵام  ئیختیاری مرۆڤیش پارێزراوە، زۆر ڕۆشنە، تەنها ئەوەی دەوێت مرۆڤ  ئەم بابەتە بەتوندی،لە دڵی دا جێگیر بكات ،لێرەدا باسەكە زۆر وشكە بۆ ئەوەی سودێكی هەبێت هەندێكی بۆ زیاد دەكەین و ڕۆشنی دەكەینەوە ، لێرە جیاوازین لەگەڵ  ئەو شێوازەی ،كە بابەتەكە لە زانستی كەلامدا وە لە لای فەیلەسوفەكان باس دەكرێت، وشك باسەكە دەخەنە ڕوو و لێیەوە دەدوێن، ئایا ئیختیار هەیە یان نی یە !؟ لە ئیسلامدا مەسەلەی قەدەر ئەوەندە كرنگە ،لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی بە سیفات و عیلم و ئیرادە و قودرەتی خواوە هەیە،بە عیلم تەرح دەڕژێنێت، بە ئیرادە و قودرەتەكەش پیادەی دەكات ، بەڵام بەشێوەی ئەسڵێك كە پێویستە ئیمانی پێ بهێنرێت باس كراوە {امنت باللەوملائكە و كتبە ورسلە والیوم الاخر والقدر خیرە وشرە }كاتێك حەزرەتی جوبرەئیل لە فەرموودە مەشهورەكەدا كە حەزرەتی عمر دەیگێڕێتەوە دێتە لای پێغەمبەری خوا لە شێوەی پیاوێكی غەریبدا ،كە شوێنەواری سەفەری پێوە دیار نی یە ، بەڵام نایشی ناسێ ،جل و بەرگێكی سپی لەبەردایە و چەند تایبەتمەندیەكی دی باس دەكات ،دەپرسێت باسی

ئیمانم بۆ بکە ،دەفەرموویێت ،ئیمان ئەوەیە بەم شتانە ئیمان بهێنیت. واتە مەعریفەی لە بارەی ئەمانەوە بۆ پەیدا بێت ( ان تؤمن باللەوملائکە و کتبە ورسلە والیوم الاخر والقدر خیرە وشرە ) ئەمە لە بەر گرنگی ئەم مەسەلەیە ،جیاکراوەتەوە ،ئەگینا ئەم باسەش لە ئاساری سیفاتی خوایە ،کاتێك دەفەرموویێت (باللە ) ئەمیش دەگرێتەوە ،جا ئەو گرنگیە چی یە ؟ کەسانێك خوا دەناسین ،ڕێیان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە ، بەڵام پاش ئەوە تیٚ دەگەن و کاری خۆیان ئەنجام نادەن ، ژیانی دنیاو ئەم ژیانە کورتە هەڵدەبژێرێت، مرۆڤیش لاوازە گەر تەزکیە نەکرێت، ئەو شتانەی زوودەست دەکەون ،حەزی لێیانە و ئەو شتانەش درەنگ دەست دەکەون ونارەحەت دەست دەخرێن لێیان بێزارە.

بەڵام موسڵمان کە بەڵێنی پیٚ دەدرێت ، هەم درەنگ و هەم نارەحات دەست دەکەون، لەبەرئەوە ئەوانەی گومرا دەبن ، و ئەم کارە دەبێتە مایەی ئنحرافیان ،ژیانی دنیا تاك لایەنە هەڵدەبژێرن ، بە لەونێکی دی بیر دەکاتەوە و دڵێت،گەر من ڕیٚ ی حەق بگرم ،لەگەڵ ئەوەی دوژمنان زیندانم دەکەن ، ئەزیەت و ئازار و ئەشکەنجەم دەکەن ، یان ماڵکەم دەست بەسەردا دەگرن ، یان مافم پێشێل دەکەن، یان بە ئامازەیەکەی دی ،لەتەمەنم کەم دەکەنەوە ،یان ڕسق و ڕۆزیم لێکەم دەکەنەوە .. گەر من ڕێگەی حەق نەگرم پێچەوانەی ئەم واقیعە دەبێت!؟ ئەم مرۆڤە دنیا ببێتە هۆی حەرەکەتی بەرێچکەی چۆڵ و لاردا ، بەڵام کاتێك مرۆڤ بەپیٚ ی ئامازە قورئانیەکان بۆی ڕۆشن بوویەوە، هەرچی شتە لەم دنیایەدا وەك تەمەن و ڕزق و ڕۆزی و خۆشی ناخۆشی ..گشتی موقەدەرە ،بەمانا هەر کام لەمانە بەشێکە لەو باسە ،جگە لەو پلانەی کە خوا دایڕێژاوە ،لە دەسەلآت و قەڵەم ڕەوی خودا هجی تر ڕو نادات،مرۆڤ ئەم دنیا بینیەی بۆ دروست بوو ،ئیدی بوار بۆ ئەم ئیتعرافە

نامێنێتەوە ،بوار بۆ قبولّ كردنی زیللەت نامێنێت ،بیر دەكاتەوە ،گەر من حەق بم ، ستەمكاران دەست بكەن بە ئەزیەت و ئازاردانم یان بم كوژێن، ناتوانێت یەك لە هەزاری تەمەنم كەم كەنەوە ،گەر بەدەستی ئەو ستەمكارە كوژرام ،ئەوە هەر موقەدەر بووە لای خوا دەبێت بكوژرێم . ئەگەریش خزمەتم بكەن ،رەنگە تورە ببێت كە خزمەتەكەی بە دلّ نیە،هەر دەبێت بمكوژن، ئیمكانی نی یە یەك سانیە بكەومە دوای ئەو ساتەی خوا بۆ مردنمی موقەدەری كردووە،ئەو رزقەی هەرەشەم لێدەكەن بیبڕن ، ئیمكانی نی یە ئەوەی موقەدەر بۆ من لێمی ببڕن ، كاتێك هەرەشەم لێدەكەن دەتكوژێن ، دەپرسم كەی دەمكوژن ؟ بەر لەوەی خوا بڕیاری لەسەر داوە،یا لەوكاتەی خوا بڕیاری لەسەر داوە ؟ گەتوترا بەر لەوەی خوا بڕیاری لەسەر دابێت، ،وەلاّم ئەوەیە ،غەلەت دەكەیت. خوا دەزانێت لەو كاتەدا لەناو دەچم وە زانینی خوا ناگۆڕێت بۆ نەزانین، ئیرادەی خوا بنچینەیە ،ئیرادەی مرۆڤەكان هۆكارە و قاڵبە بۆ ئیرادەی خوا ،ئەگەریش وتیشی لەو كاتەدا دەتكوژم كە خوا بڕایاری لەسەر داوە ، ئیدی هیچت نەكردووە ،تۆش نەبیت هەر دەكوژرێم ،وەكو وتمان كاتێك كارەكەم ئەنجام ئەدرێت غەیب نازانین ، نازانین چی موقەدەرە ،لەبەر ئەوە موختارین ، كاتێك كارەكە رێكخرا، (موجازاتی) دەكرێت مرۆڤی موسلّمان بیر دەكاتەوە ، من قسەی حەق دەكەم ، پاش ئەوەی گیر هاتم ،ئەگەر كوژرام ئەو موقەدەرەو پاش كوژرانەكەم رۆشن دەبێتەوە كاتێك كارەكە روویدا ، ئیدی دەزانێت ئەوە مەبەستی خوا بووە نەدەكرا لەو كاتە بگوزەرێت.

كاتێك دەڵێن گەر ئەم كارە بكەیت رزق و رۆزیت دەبڕم ، وەلاّمی موسلّمانانە ئەوەیە ، چیم لێ دەبڕیت ،ئەوەی خوا موقەدەری كردووە، بۆ نمونە گەرما و سەرما و ئاو و خاك ،كە بەشی من بێت یا جگە لەمانە ،ئەگەر وترا ئەو

بەشەیە، ئیدی وەلاّم ڕۆشنە چونکەمەڵە دەکات ناتوانێت ئەو بەشەم ببڕێت چونکە خوا زانیویەتی ، وە بەپێ ی زانینی خۆی ،بەمانا لەنەخشەکەیدا هەیە، وە بەپێی زانینی خۆشی ئیرادە دەکات و قەزا دەکات ،نە زانینی دەگۆڕێت بۆ نەزانین و جەهل ، نە ئیرادەی دەگۆڕێت بۆ بێ ئیرادەیی و نەقودرەتی دەگۆڕێت نەتوانین،ئەگەریش وترا ،شتێك کە بەشی تۆ نی یە لێت دەبڕم ،وەلاّم زۆر ڕۆشنە ،هەرلێم بڕاوە ،!! لێرەدا مرۆڤ ورد بێتەوە لەم خاڵە کە زۆر ڕۆشنە ،بە تەنها هەڵبژاردنی ژیانی دنیا ،لاوازی خودی مرۆڤەکەیە دوور دەکەوێتەوە لە (قلب ) ،ئەگینا گەر مرۆڤ کەمترین تێبینی هەبێت ئیدی جێگەی بە هانەی بۆ نامێنێتەوە کە سستی بکات، لە بەرامبەر گاغوت و ناحەقەوە نەوەستێت و ڕێگەی حەق نەگرێت ، وتنی ڕاستی و حەقیقەت یەك سانیە لە تەمەن کەم ناکاتەوە ،یەك زەڕە لە ڕزق کەم ناکاتەوە، بە پێچەوانەش نەوتنی ڕاستی و حەقیقەت ،سانیەك لە تەمەن زیاد ناکات و زەڕەیەك لە رزق وڕۆزی زیاد ناکات،بەلاّم وەك وتم ،ئەوەی تاغوتەکە دەیکات، چونکە غەیب نازانێت ، لەو ساتەدا موختارە ، لەسەر ئەوە (موجازاتی ) دەکرێت ،پاش ئەوەی کارەکە ڕوویدا ئیدی ئەو قسەیە مەترەح دەبێتن کە ئەم کارە ویستی خوابووە و دەبوایە هەر ڕووی بدابا، بەلاّم موسڵمان هەر لە سەرەتاوە کاری خۆی دەزانێت ،دەڵێت حەتمەن جگە لەویست و ئیرادەی خوا هیچ ڕوو نادات ،چونکە هێشتا ڕۆشن نەبووتەوە، ئێمە تەکلیفی خۆمان ئەنجام بدەین ، لێرەدا تەکلیفی من وتنی حەقە بە ئاشکرا یان نەوتنێتی ،یان هەر تەکلیفێکی دی : بە لەونێکی دی ،بە وتەی یەکێك لە زانایانی پێشین ،پێویستە مرۆڤ بیری لای ئەوە بێت ، خوای چی لێ دەوێت ؟نەك خوا چی بۆ دەوێت، بە مانا بزانم تەکلیفم چی یە،ئەوە ئەنجام بدەم ، ئیدی خوا چی موقەدەر کردووە، چی دێتە ڕێم ، کاری

من نی یە ، لە خۆراش خۆم خەریك ناکەم بەشتی دییەوە، من تەنها حەوسەڵەی کاری خۆم هەیە ،خوا چی داوا دەکات ، ئەم کارە مونکەرەو دوور دەکەومەوە، ئەو کارە باشە ئەنجامی دەدەم ،ئیدی خۆزگە ئەم کارەم بدابەکوشت یا ڕزقم ببڕێت،....کاری من نیە، تەمەن،ڕزق ، خۆشی و ناخۆشی هیچکامیان لە دەستی خۆمدا نی یە لەلاکی دییەوە وتنی حەق بە فەرزی مەحاڵ ، گیر گرفت زیادەی بۆ دێنێتە پێش ،ئەم گیرو گرفتانە کەی لەگەڵ دۆزەخدا هاوتان!؟ یان هەندێ خۆشی بە دەست دەبێت ،لەگەڵ بەهەشتدا کەی یەکسانن ،سەخت و توڕەی خوا لەلایەکەوە و ڕێزدان و خۆشەویستی خوا لە لایەکی دیەوە شایانی بەراوردکردن نیە ، بۆیە لەگەڵ ئەوەی قەدەر شوێنەواری سیفاتی خوایە ،بەڵام بەتایبەتی وەك ئەرکانێکی ئیمان ئاماژەی پێ کراوە،بۆیە مەسەلەی ( قەدەر ) دەورێکی کاریگەری هەیە لە ژیانماندا .بۆیە مرۆڤ کاتێك دەتوانێت موسڵمانانە بژی کە باش لە باسی قەدەر و قەزا گەیی بێت و تەسلیمی بووبێت، حەزرەتی علی(سەلامی خوای لێبێت) دەفەرمووێت ( کام لەم دوو ڕۆژە من لە مەرگ ڕاکەم ؟! لە ڕۆژێك کە موقەدەرە،یان ڕۆژێك کەموقەدەرنەبووە، ئەو ڕۆژەی موقەدەرە ئیدی ڕاکردن ڕزگارت ناکات لە دەست خوا ، ڕۆژێکیش موقەدەر نەبووە ، بۆچی لە خۆڕا هەڵێم ) یان ئیمامی شافیعی (رحمە الله علیە ) شیعرێکی جوانی هەیە ،ناوەرۆکەکەی ئەمەیە (من تا دەژیم پاروە نانێك دەست دەکەوێت بیخۆم ،کاتێکیش مردم گۆڕێك هەر دەبێت تێی بچم ،ئیدی خەفەت لە کام لەم دوانە بخۆم ، خەفەتی کاتی ژیانم،یان کاتی مەرگم ،ئیدی بۆچی لەم و لەو بترسم ،بترسم لە کاتی ژیانمدا شتێك کە بۆم موقەدەرە لێم بستێنن ،یان پاش مردنم، دەگاتە ئەوەی (همتي هيمةُ الملوك و نفسي نفس حرتر المزلة كفرا) هیمەتی

من وەك عەزم و هیمەتی پاشایانە ( لێرە مەبەستی هیمەتەکایانە نەك پاشاکان لای خۆیان شت بن ، چونکە هیمەتی پاشاکان لە هیمەتی خەڵکی دی بەرزترە) وە دەروونی من ،دەروونی مرۆڤێکی ئازادە ،زیلەت و سەر شۆڕی بە کوفر دەزانم ،واتە کە زیلەت و سەر شۆڕیم قبوڵ کرد ئەوە کافریم قبوڵ کردووە)مرۆڤێك لە قەدەر و قەزا بگات دنیا بینی ئاوادەبێت ،بە ( قلب ) تێکەڵاوی دەروونی بێت هەستی پێ بکات ،وەك ئیمام شافیعی لێدێت.

*پرسیار/ مرۆڤ دەچێتە پاڵ دیوارێك تا خۆی حەشاربدات ،ئیدی لەبەر هەرشتێك بێت ،بەڵام ئەو شتەی کە ئەم خۆی لێ حەشارداوە لە ترسان تا لێی ڕزگار بێت ،دیوارەکە دەروخێت بەسەریدا و دەمرێت ئەمەش هەر قەدەرە .؟

*وەڵام/ تا کاتێك کارەکە ڕووی نەداوە ،مرۆڤ نازانێت ،موقەدەری خوا لەم بواردا چی یە ،ناتوانین بڵێین ڕووخانی دیوارەکەیە ، بەسەر ئەم مرۆڤە ،چونکە هێشتا نە ڕووخاوە .گەر غەیبمان بزانیایە کەچی موقەدەرە نەمان دەتوانی لێیان ڕابکەن، و تەسلیم دەبوین ، لەکاتێك تەکلیف بۆ ئێمە هەر مەترەح و باقیە ،خۆمان نەخینە ئەو شوێن و زەمانە کە زەرەری تێدا ڕوودەدات تاکاتێك دەسەڵاتمان هەیە ، کەواتە ڕاکردن لەو دیوارە و نەڕوخێت بەسەرتدا ، ئەوەش خۆی موقەدەرێکە ،وەك یەکێك لە ساڵەکانی خەلافەتی حەزرەتی عمر (علیە السلام ) لە وڵاتێکدا کە لە شکری ئیسلامی تێدا بوو، گاعون بلاوبووبویەوە،ئیمام عمر ویستی بچێت بۆ ئەو وڵاتە ،کە زانی گاعون بلاوبووتەوە،گەڕایەوە و بەشیمان بوویەوە، یەکێك لە موسڵمانان پێی وت ،لە قەدەری خوا ڕادەکەی ،فەرمووی لە قەدەری خوا ڕادەکەم بۆ قەدەری خوا ! واتە گەر لەو وڵاتە بمێنمەوە ،وەك یاسا و ڕێسایەك کە خوا دیاری کردووە، گەرلوشارەدا بم دوچاری گاعون دەبم ،کە دووچاری بووم لەم کاتەدا

دەردەکەوێت ، کە قەدەرە ،بەڵام هێشتا تەکلیف هەر باقیە چونکە دەتوانین خۆمان روگار کەین لە تیاچون کە رزگارمن بوو نەمردین دەردەکەوێت ئەمەش هەر قەدەر، لە قەدەرەوە بۆ قەدەر رام کردووە، مەبەست ئەوەیە مرۆڤ پێش ئەوەی شتەکەی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە لە خۆڕا تەسلیم نەبێت ،وتمان تاکارەکە ڕوو نەدات یەکێك لە دوو ئەگەر مەترەحە، هەرکام لەم دوانە ئەگەری هەیە موقەدەری خوا بێت ،بەڵام لەبەر سستی و تەمەڵی خۆی ،یەکێکیان موقەدەر دەکات ، ئەڵبەتە هەر لە خۆڕا ،ئەگەری یەکیانە ئیدی هیچ ناکەم ، لە کاتێکدا دوو ئەگەر هەیە، چونکە تاوەکو کارەکە ڕووی نەداوە ئەم غەیب نازانێت و نازانێت کام ئەگەرەیان خوا موقەدەری کردووە، چونکە غەیب نازانێت ،موکەلەفەبەهەڵبژاردنی ئەگەری باش ،دوور دەکەوێتەوە لە ئەگەری خراپە، خاڵێك بمەوێت باسی کەم ئەوەیە ، یەکێك لەسیفاتی خوا سیفاتی حیکمەتە، کە ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە ،حەکیم ،واتە کەسێك هەر کارێك دەکات ، بەجێ دەیکات، بەو جۆرەی شایستەیە دەیکات ،نەکەمی و نە زیاد لە کارەکانیدا نی یە ،لە خۆڕا کار ناکات، بێ جێ کارکردن لەبەر دوو هۆیە، لەلایەك عیلمی ناتەواو لەسەر ئەو کارە ، لەلایەکی دییەوە، یان ناتوانێت (تصمیم) بگرێت ڕێگر هەیە لە ڕێگەدا ،حەز و ئارەزوو، یان توڕەیی ...یان هەر ناتوانێت کار بکات ،بەڵام خوا لەکوێ ئەم کەم و کوڕیانە دوورە ،زانستی گشتی هەیە بەسەر ئەم جیهاندا و هەموو بەشێکی بچوك لەم جیهانەداو ،هەر شتێك جێگەی تایبەتی بۆ داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیرادەی هەیە و قودرەت و توانایشی هەیە دواجار هەرچی ڕوودەدات لەم جیهانەدا بەجێ یە. پەردوینی ئەصفەهانی دەڵێت ( قەتران کە جون باری مرجدود +از بی انجام می کارمیرەم بەد) تەواو ئەم شیعرە خۆش و بەرزە ،هیچ شتێك بێ حیکمەت و بەرژەوەندی

نی یە ،بەڵام هەست دەكرێت لەلایەن مرۆڤی لاوازو عقلْ كورتەوە، كارەكە جۆرێكی دیە ، مرۆڤێك هێشتا نزیك ترین شت لە خۆی ،خۆیەتی ،هەزاران نهێنی لە ئەندامەكانی لەشدا هەیە ،بەڵام كەمێكی دەرك كردووە، ئیدی چۆن دەبێت ئەوەندە گەورە بێت ،هەرچی شتێك لەم جیهانە پان و بەرینەدا ڕوودەدات ، حیكمەتەكەی بزانێت !؟ گەر هەندێك لە حیكمەتەكانی كاری خوا بزانێت و بیان ناسێت بەسە ، تەنها بۆ ئەوەی بزانێت خوا حە كیمە ، دواتر گەر دەركی حیكمەتی نەكرد خۆی سەر كۆنەكات ، بۆ مرۆڤ وا باشە لەخۆی زیاتر پێ دانەكێشێت ،و قەد ری خۆی بزانێت . واتە وانەزانیت هەند ێك زانیا ری و مەعریفەی هەبوو ئیدی ئەوە میلاك میزانیەتی ، نابێت ئەو زانیاریە بكاتە دادوەر بەسەر هەرچی شتدا هەیە ،وەك سەلماوە بە ئەزموون بۆمان و جێگەی باس و خواس نی یە ، ئاو لە زەرفێكدا لاری كەیتەوە دەڕژێت ،بەڵام ئەم مەعلوماتە بۆ ئەم سەر زەویە بەكاردێت ، بەڵام بچیت بۆ سەر مانگ ئاو لە وێ ناڕژێت و پێویستە بەكەوچك بیخۆیتەوە ،چونكە لەسەر مانگ هێزی جازیبە لاوازە و ناڕژێت ،یان لە سەر مانگەوە تەماشای ئاسمان بكە ، دیارە وەك ئەوەی لە سەر زەوی وەتەماشای دەكرێت، شینە ، شین نی یە بەو شێوەیە نا بینێریت و ئەستێرەكانیش بە ڕۆژدا دیارن و ڕەنگیشی هەندێك دیارە، ئێمە ئەزموونمان كردووە، گیانلەبەران لە پلەیەكی تایبەتی گەرمادا دەتوانن بژین .وەك نموونە میكرۆبەكان كە زۆر سەرسەختن تا نزیكەی ١٠٠- ٢٠٠ دانەدانە یەكیان دەمرن ئەوی دی دەمێنێت ،جگە لە میكرۆب كەس باوەڕ ناكات گیانلەبەرێك هەبێت لە ١٠٠پلەی گەرما بژی ،بەڵام لە ناو ئاو و دەریادا گیانلەبەرێك هەیە ، لە ئاو ێكدا دەژی كە ٤٠٠ پلە گەرمی بێت ،كەواتە ئەو

زانیاریەی ئێمە لەسەر ئەم خاکەوە دەرکمان کردووە، بۆ دەریاکانیش بەکار نایەت .

*پرسیا ر / کاتێك جەنگێك ڕوودەدات لە نێوان دوولایەنی زاڵمدا . خەڵکی بێ چارە نازانێ بۆ ئەجەنگێن بۆ ئەو خەڵکە بێ تاوانە تیا بچن ؟

*وەڵام / مەودووی (ڕەحمە اللە)نمونەیەکی جوان باس دەکات ، دەڵێت کاتێك مرۆڤ دەرخەتی ڕزە مێوێکی دێمی هەبێت . بەهاران هەر لق و پۆیەکی زیادە هەبێت دەیبڕێت و هەڵی دەپاچێت ،زۆرێك لە لقەکان دەبڕێت ،چونکە زیادن بۆدرەختە کان ، هەندێکیان بە ڕیشکەوە دەبڕێت و هەند ێکیشیان بەجۆرێکی دی ، ئەگەر ئەو لقانەی دەیانبڕیت بیان توانیا یە .هاواریان بکردایە.هەر کام بۆ خۆی هاواری دەکرد ،من سود هەیە بۆ دەمبڕیت .چونکە هەکارم تەنها خۆی دەبینێت ، بەڵام ئەو باخەوانە ، ئاگاداری هەیە بە سەر ئەم هەموو مێوانە تایبەتمەندی مێو دەبینێت ،دەزانێت گەر ئەو لقانەی لێ نەکرێتەوە ،پاش یەك دوو ساڵ ئەگەری ئەوە هەیە ئیدی بەرهەم نەدات ،بڕینی هەندێك لە بەشەکانی ئەو درەختە بۆ بەرژەوەندی گشتی درەخت کە پێویستە ،لەم دنیایەشدا کە دروستکراوەکان پەیوەندیانە پێکەوە هەیە ، بەو فراوانیەوە، لە ڕووکەشدا هەندێك کار بۆ خراپە کاری سەر دەکێشێت و لەناو دەچێت، بەڵام لەکوێ ئەم دەزگایەدا (دنیا) ئەو بەرژەوەندی و حیکمەتە کە لەناو بچێت ،ئەگەر چی ئێمە نەشی زانین،

*پرسیار/ واتە ئەگەر داعیە کیش بێت لە ڕێکەی ئیسلامدا ،بەهۆی ئەوەی تۆوە لەناوبچێت هەر باشە؟

*وەڵام/ ئێستا بەشێوەیەکی گشتی فەرز دەکەین و باس لە بارەی جەنگی نێوان موسڵمانان و سەردەمی ئیسلام و ئێرانەوە دەکەین ئەو هەموە خەڵکە

کوژران ،خودی ئەم کارە چونکە حیکمەتێکی هەیە ،دەمەوێت زۆر سادە وەڵام بدەمەوە، ئەگەر چی ئەو خەڵکە بێ ئاگا بوون و لەم دنیایەشدا کە دروست کراوەکانی دەبوونە هۆکاری دەستی ستەم کاران وچارەنەمابوو جگە لە کوشتنیان . بەڵام کوژرانی ئەو خەڵکەبێ ئاگایە حیکمەتی تیا و پێویستە، چۆن و بۆچی ؟ چونکە گەرلەو کاتەداسەرفی نەز کرایەلەلێدانی ئەو خەڵکە لەبەرخاتری ئەوەی ئەو خەڵکە گیرۆدە نەبێت ، نیزامەکە ئیدی دەستی لێ نەدرێت، ئەم بەرنامە خوایە ، دەسەڵاتی پەیدانەدەکرد بەسەر گۆی زەوی‌دا ودواجار چەند جیل لەپاش ئەمانەوە ، تاقیامەت نەدەکەوتنە خۆشبەختی ،و بەهرەمەندی نە دەبوون بەنیعمەتی حوکمەتی یاسای خوا لەسەر زەویدا .
کەواتە هەندێك فیدا دەبن و دەبنە قوربانی بۆ ئەوەی زۆرێك لەخەڵك سودمەند بن لە و نیعمەتە ، یان هۆگاری ئەم هەمووە خراپەکاری و خوێن رێژیە لە سەر زەوی دا کراوە و دەکرێت ،ئەمەش کاری خوایە ،وتمان کاتێك کەسێك دەیەوێت کارێکی خراپە بکات، دوو ئەگەر لە ئارادا هەیە ،ئەو کەسەش ڕاسپێراوە ( موکەلەفە) ئەگەری باشە بکرێت و واز لە خراپە بێنێت بەڵام کاتێك کارەکە واقع بوو خوێن ڕژا ،لەوکاتەدا دەردەکەوێت کە ئەم کارە موقەدەر بووە، جگە لە موقەدەری خوای هیچ ڕوونادات ،بەڵام ئەو کارە خراپە دوولایەنی هەیە ،لەلایەکەوە پاش ئەوەی لە واقعدا دەردەکەوێت بڕیاری خوا بووە و لەلایەکی دی یەوە لەگەڵ ئەوەی بۆیان ڕۆشن بۆتەوە ئەم کارە خراپە و ڕاسپێراون کە نەیکەن ، کردوویانە ! دواجار تاوان بارن و لێپرسینەوەیان لەسەر دەکرێت ،بەڵام حیکمەت چی یە لەم خراپە کاری و خوێن ڕشتنەدا، لێرەدا حیکمەتی گشتی باس دەکەم دواجار دەکرێت شتی تریش لێوە دەرك بکرێت.

پێشتر وتمان ، لەلایەك مرۆڤ موختارە و پێویستە ئیختیار و ئیرادەی مرۆڤ پارێزراوبێت، لە لایەكی دیبیەوە خوا بەرنامەی ناردووە، بۆ ئەوەی لەسەر زەوی پەیڕەوی لێ بكرێت ،( لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ ) حیكمەتی ئەم كارە چی یە ؟ حیكمەتی ئەوەیە ،هەر جارێك مرۆڤ بە ئیختیاری خۆی رێگەی لار دەگرێت ، سەرئەنجام بەخراپەكاری و خوێن ڕێژی كۆتایی دێت .پاش ئەوەی تەواوی گشت دینەكانی تاقیكردەوە ،لەم تازەیەشدا ،دینی سەرمایەداری ،سۆسیالستی ،نازسیم ،كۆمۆنیزم، هەر جارێك یەكێك لەم دینانە دەهێنێتە مەیدان و لەسەر ئەم ئەساسە كار دەكات، بەلام خوا بڕیاری داوە جگە لە رێگەی خوا، ڕێگەكانی دی سەرئە نجامیان فەسادو خوێن ڕێژی بەدبەختی وشەقاوەتە بۆ مرۆڤەكان ، هەموو ڕێگاكان تاقی دەكاتەوە تا هیچ لە كەشكۆڵ و هەمبانەی مرۆڤدا نامێنێت واتە وای لێ دێت ئیدی ئامادەیی ئەوەی نەمێنێت ڕێگەی ترنمایش بكات ،پاشان بیر دەكاتەوە لە رابردووی‌ودەڵێت:من هەرچی لەتواناما‌دا بووبەكارم برد بۆ ئەوەی خۆش بەختی بەدەست بهێنم ،بەلام هەمووی سەر ئەنجامی بەد بەختی بوو . پێویستە بگەڕێمەوە بۆ لای خوا ، سەلما مرۆڤ ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە خۆش بەختی لێرەدابەئیختیاری خۆی دەگەڕێتەوە بۆ لای بەرنامەی خوا .

*پرسیار : باهەر لەسەرەتاوە بەرنامەی خوابهاتبایەوە و مرۆڤ تەنها یەك دنیا بینی ببوایە، ئەم هەموو سەرگردا نیەی بەسەر نەهاتبایە؟

*وەلام : هەروا دەزانم لەبەر ئەوەش بووە، مرۆڤ ڕۆژێك بەو جۆرە بێت ،بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، خوا بڕیاری داوە خیلافەت ،لەسەردەمی ئیسلامدا . لەناو بچێت و دووبارە دەسەلات بكەوێتە دەستی حكومەتی غەیرە ئیسلامی

،ئیدی بە نیسبەت حکومەتی سەڵتەنەتی بەنی ئومەیە و عەباسی لەلایەن سیاسیەوە نیزامەکە، نزامێکی شورای نەبوو، ئیسلام نەبووە.
بەڵام یاسای ئابووری و کۆمەڵایەتی و تا ئەندازەیەك پیادە دەبوو، خوای گەورە لەوکاتەدا بڕیاری بدایە موسڵمانان تەواوی زەوی بگرن و یاسای خوا جی بەجیٚ بکەن،دەکرا، بەڵام چونکە هێشتا لەمەبگەی مرۆڤایەتی دا یاسا بوو نمایش بکرێت و کۆمۆنیستی ، سۆسیالستی ، سەرمایەداری ... لێرەدا دەبوو ئەم بیردۆزانەیان نمایش بکردبا ، یان نەیان کردبا ، ئەگەر نەیکردبا دوای قسەیان قوت دەبوو، خۆمان دەتوانین ڕێی باش بۆ خۆمان دیاری بکەین ،بەڵام بەرنامەکەی خوا بە زۆر سەپێنرا بەسەرماندا ،ئیدی ڕێمان نەبوو دەربازبین ،لەلایەکی دیشەوە ئەگەر نمایش ببوایە ،وەك ئێستا بەرنامەی خوا وەزیفەی تەواو بووە، جاریٚ سەری زەوی گرتووە و گەر ئەمجارەش لیٚ ی بسەنرایەوە ،ئیدی پێویستی نەدەکرد دووبارە بگرێتەوە ،دواتر هەندیٚ وردە دین پەیدا بوون و دینیش نەی دەتوانی سەر کەوێت بەسەریاندا ،وەك کۆمۆنیست ، سۆسیالیزم ..... کەواتە با مەیدانیان بۆ بکرێتەوە ،تاوەکو هەرچی بانگەشەیان هەیە دەری خەن و بیکەن ،لەپاشدا قسەی زل نەکەن و ئێستا هەرچی هەیە نمایشکەن ،لەپاش ئەمانەدا دینی خوا سەردەکەوێت بەسەریاندا ودەسەلمێت مرۆڤ ناتوانێت خۆشبەختی بۆ خۆی دەستەبەر بکات .

*پرسیار : دوو نەفەر دەبن ،یەکێکیان دەوڵەمەندە و ئەوی دیان هەژار ،هەر دووکیان منداڵەکانیان دووچاری (سیل) دەبن، دەڵەمەندەکە منالەکەی دەنێرێتە دەرەوەی وڵات و چاك دەبێتەوە هەژارەکەش توانای نی یەمناڵەکەی بنێرێتە دەرەوە و منالەکەی دەمرێت ،بۆ ئەم کارانە وان ،حیکمەت چی یە؟

*وەڵام : هەرچی یەك ڕووبدان ،پاش ئەوەی ڕووی دا دەزانین كاری خوایە و دەبوو ڕوویدابایە، هەرچیش كاری خوایە حیكمەتیان تیایە،ئەوی تا ئێرە باس كراوە، تێكەڵاو نەبێت لەگەڵ كە متەرخەمیەك مرۆڤ دەیكات ،لێرە دوو شت دێتە ئاراوە یەكێكیان بۆ دەبێت ستەم كارێكی لەم جۆرە دەسەڵاتدار بێت ،یەكێك بتوانێ منالەكەی بگەیەنێتە دەرەوە وڵات و یەكێكی دی نەتوانێت ؟ یان بۆ ستەم و زوڵمی لەم جۆرە دروست ببێت، لە شارێكی وەك تاراندا ئەوەندە پزیشكی هەبێت كە زیادیش بێت لە خەڵكەكە،بەڵام لەناوچە سنوریەكان سەد هەزار كەس پزیشكێكی باشیان نەبێت،یان بۆ تۆ ئەوەندە مایلاف دەژێت كە بكەویتە سەركەشی كردن و ئەوی دی نان نەبێت بیخوات. كاتێك كە واقع ڕووی دا دەردەكەوێت كە موقەدەر بووەو حیكمەتی تێدایە، ئیدی گەر دەركی حیكمەتە كەش نەكەین ئەوە لاوازی ئێمەیە ، بەڵام بشزانە كە زوڵم و زۆر ڕوودەدات دواجاریش هەر مرۆڤ تاوانبارە مەسەلەیەكی دیش هەیە خواش پێ ی ڕازی نی یە خوا فرمان دەدات ، دادپەیرەو بكرێت . هەر كەسێك بەشی ڕیكی خۆی پێ بدرێت لێرەدا پێش ئەوەی ئەو پرسیارە مەترەح بكرێت دەبێت بزانین هەنووكە ئێمەلە بازنەی تەكلیفداین ،لێرەدا خاڵێك هەیە سەرنجی نادرێت ! ئەویش ئەوەیە كاتێك شتەكە ڕوویدا و گوزەرا لەپاشدا دەزانین موقەدەر و حیكمەتی تیایە ئیدی لە خۆڕا داخ و خەفەت دەخۆین (لكی لاتا تاسو علی مافاتكم ) واتە ئەوەی لە دەستان چووە خەفەتی بۆ مەخۆن ،بەڵام بەنیسبەت ئەم ساتەوە كە تێیدا دەژین.

تەكلیفمان لەسەرە ،ئێمە مەكەلەفین لەم زەمانەدا ، تا دەتوانین بەرگری لە زوڵم و زۆر بكەین ، داد بەرپا بكەین ، ئەمە كارمانە،ئیدی دواتر چ ڕوودەدات ،كاری ئێمە نی یە ،بەمەرجێك كاری خۆمانمان ئەنجام دابێت .

کە ئەم پیاوە دەتوانێت منالەکەی بگەیەنێتە دەرەوەی وڵات و دەبێتە کێشە بۆمان ، سەرەتا پێویستە بزانین باس لە چ کاتێک دەکەین ،پێش ئەوەی منالەکە بگەیەنێتە دەرەوە یان دوای ئەوە؟ گەر دوای کارەکەیە، ئیدی گوازراوە و لەدەست چووە، ڕۆشن بۆتەوە و موەقەدەرە و کاری خوایە،ئێمە موکەلەفین بەگۆرینی ئەو بارودۆخە،کەواتە مرۆڤ موختارە،وەك چۆن مۆڵەت دراوە کاری باش بکات بە هەمان شێوەش ڕێگەی پێدەدرێت، کاری خراپە بکات ، دوبارە دەیڵێمەوە کارێك کە ئەنجام دەدرێت دەزانیت خوا ئیرادەی لەسەر بووە، ئەگینا ئێمە ڕاسپێراوین گوێ ڕایەڵی شەریعەت بین، بگۆڕی ئەو واقع و خراپە کاریە بین، پێویستە کاریك بکەین کە خوا لە سەر ڕازی بێت ، بەلام کاری خراپ کردن گەرچی پاش ڕوودانی دەدەکەوێ ئیرادەی خوا بووە، خوا ناڕازیە و پێ ی ناخۆشە پێویستە دوور کەوینەوە لێ ی.

**کۆتایی**